# پەڕاگەندەبوون لە باخچەکانی تاراوگەدا: گفتوگۆیەک لەگەڵ (هەندرێن) نووسەری کتێبی (گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا) ([1])

سازدانی: بەختیار کەریم
بۆ ماڵپەڕی دەنگەکان



سڵاو، ئەی تاراوگە، سڵاو...!
ماڵئاوا، ئەی تاراوگەی وڵات، ماڵئاوا...! (سکاندیناڤیا...) هەندرێن

## پێشەکیی

هەڵهاتن لە نیشتمان بۆخۆی سەرەتایەکە بۆ تاراوگەبوون، واتا تاراوگەبوون ئەو ساتەوەختە دەستپێناکات کە تۆ پێ دەنێیتە خاکێکی نوێوە، بەڵکو ئەو ساتەوەختە دەستپێدەکات کە تۆ پێیەکانت لە خاکەکەی خۆت هەڵدەکەنرێن، یان وەک شاعیری سوریایی (موحەمەد ماغۆت) دەڵێت کەوشەکانت ناتبەستنەوە بەهیچ خاکێکەوە. وەکی دیش گومڕاییەکانی کەسی تاراوگەبوو ئەو ساتەوەختە دەستپێناکات کە بوخچەی سەفەر دەپێچێتەوە و ئەو کاتەش کۆتایی نایەت کە کەسی تاراوگەبوو لەیەکێک لەو کەمپانەی خۆرئاوای مۆدێرنە و خەوندا لەنگەر دەگرێت. گومڕابوونی تاراوگەبوو بەردەوام درێژەی هەیە، ئەو ساتانەی کە گەڕانەوە بۆ نیشتمان دەبێتە خولیای شەوە دەیجورەکانی و بێداریی تاراوگەبوو بێدارتر دەکاتەوە، ئەو گومرابوونە قووڵتردەبێتەوە. ئەو ئەفسانانەی کە ئێمەی تاراوگەبوو لە وڵات، خەیاڵی چەپێنراوی خۆمانمان پێ پاراو دەکرد، لە تاراوگەش درێژدەبنەوە بۆ

---

[1] بۆ بینینی کتێبەکەی هەندرێن بڕوانە:
http://www.dengekan.com/doc/2006/7/kteb_handren10.pdf

جۆرێکی دیکە لە گۆمڕایی و خەیاڵپڵاویی. ئەم جارە گەیشتنەوە بە نیشتیمان دەبێتە خولیای تاراوگەبوو، نەک گەیشتن بە خۆرئاوای شیر و هەنگوین، خۆرئاوای ڕووناکی و ئاشتی.

بەڵام وەک هەندرێن لەدوا کتێبیدا ڕۆشنی دەکاتەوە کە گەڕانەوە بۆ نیشتیمان هیچ لە تاراوگەی ڕۆحیمان کەمناکەتەوە، ئەگەر لێی زیاد نەکات. گەڕانەوە بۆ نیشتیمان کەوتنە بەسەر خاکێکی نوێدا، درێژبوونەوەی هەمان تاراوگەیە کە ساڵانێک بەچاوەڕوانیی گەڕانەوەوە بەسەرمان برد. گەڕانەوە بۆ نیشتمان شوناسی تاراوگەبوونمان کاڵ ناکاتەوە، چونکە نیشتمان بۆ تاراوگەبووی ڕاستەقینە یەکێکە لەو ویستگانەی لە پەراگەندەبوونیدا پێیدا گوزەردەکات. لەهەموو ئەمانە سەختتر، تەنانەت ئەگەر شتێک نەمابێت شەتەکمان بدات بەو خاکەوە کە لە هزر و تێفکرینماندا نیشتیمانە، زۆر شت بەو خەڵکەوەمان گرێ دەدات کە خودانی ئەو خاکەن، بەڵام گەڕانەوە فێرمان دەکات کە لەژێر چ سیستەمێکی حوکمی قێزەوندا دەژین، گەڕانەوە بەو بەهایانە ئاشنامان دەکات کە لە ژووری نووستنی ستەمکاراندا ئەتکراون، ئەو بەهایانەی کە بەرجەستەی چارەنووسی هاوبەشی کۆمەڵگای ئێمەیان دەکرد.

ئەو دیمەنە ڕوکەشانەی کە ڕۆژانە کەناڵە ساختەکانی ڕاگەیاندن بۆمان نمایش دەکەن، ئەو دیمەنانە نین کە لە کتێبەکەی هەندرێندا نمایشکراون، بەڵکو ئەو دیمەنانەن کە ئەم کەناڵە فشەکەرانەی ڕاگەیاندن هەوڵی داپۆشینیان دەدەن. کێ لە ئێوە بینویەتی ئەو کەناڵە حیزبیانە کە کوتومت بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حەزرەتی ستیالین دەچن، ماڵ و باخچەی وێرانی ئەو هەژارانەمان پیشان بدەن کە ڕۆژانە بۆ پەیداکردنی تیکەیەک نان دەڕژێنە شەقامی شارە وێرانەکانی کوردستانەوە، بەڵام کێ لە ئێوە نەیدیوە ئەو پرۆژە و خانوانەمان بۆ نمایش نەکەن، کە بەرپرسەکان خۆیان قۆنتەراتچی، ئەندازیار، بازرگان و لەهەمووشی گرنگتر خاوەنی ئەم پرۆژانەن. لەبەر نەبوونی چاوێک یان کەسانێک کە ئەو ڕووخسارە فەرامۆشکراوانەی جەستەی برینداری شارمان نیشان بدەن، من پێموایە کتێبەکەی هەندرێن بەهایەکی تایبەتی هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی خوێندنەوەی ئەم دەقە چێژێکی تایبەتی هەیە و ئەو ڕۆژانەمان یاد دەهێنێتەوە کە هێشتا ویژدان و ڕاستگۆیی بەشێک بوون لە کردەی نووسین.

هەندرێن داوامان لێدەکات کە دەقەکەی وەک سەفەرنامە نەخوێنینەوە، چونکە سەفەر جوڵەیەکی جەستەیی و بزوانە لەپنتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، بەڵام ئەم سەفەرە و ئەم دەقەی هەندرێن وێڕای ئەم جوڵە جەستەییە، گەشتێکی ڕۆحییشە، پەراگەندەبوونی تاراوگەبوویەکە بە زەمینەکانی یادەوەرییدا، ئەو یادەوەرییەی وەک هەندرێن تیشکی دەخاتە سەر، لە نێوەندی کوردیدا کراوەتە حیکایەت و هەبوونەکانی نێو ئەو یادەوەرییەش بوونەتە فیگۆری ماتماتیکی. منیش داوا لە خوێنەری خۆشەویست دەکەم کە ئەم گفتوگۆیە وەک چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی نەخوێننەوە، ئەو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییانەی کە سەرقاڵی دروستکردنی پاڵەوانن لە نووسەری تەرسەقولبێژ، بەڵکو زیاتر وەک گفتوگۆی خوێنەرێک لەگەڵ نووسەری کتێبێکدا بیخوێننەوە.

ناکرێت بەبێ ئاماژەدان بە لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم کتێبە و ستایلی نووسین کۆتایی بەم پێشەکییە بهێنین. شێوازی نووسینی ئەم کتێبە گەمەیەکی مەبەستدارە لە مەوداکانی شوێنکاتدا، تێکەڵاوکردنێکی بەئەنقەستی جێگەکان و سەردەمەکانە، کە ئەمەش بەبڕوای من زادەی هەمان ئەو هەڵواسراوییەی نووسەرە وەک تاراوگەبوویەک لەنێوان زەمەنەکان و جێگەکاندا. هەربۆیە ناڕەواییەک بەرامبەر بەم دەقە دەکەین ئەگەر وەک گێڕانەوەیەکی ڕووتی سەفەرێک بیخوێنینەوە، بەڵکو ڕەوایە وەک چەندین سەفەر، بۆ چەندین جێگا و لە چەندین سەردەمی جیاوزدا بیخوێنینەوە. بۆ دەستپێوەگرتن تەنها لایەنێکی دیکەی سەرنجڕاکێش بەسەر دەکەمەوە، ئەویش ئاوێزانکردنی دەقێکی نوێیە لەگەڵ کۆمەڵێک دەقی شیعریدا، کە پێشتر نووسراون، سەرکەوتنی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردنی ئەو کۆنتراستەی ئەم ئاوێزانکردنەی دوو جۆر لە دەق بەرهەمیهێناوە.

لەبەرئەوەی هەر یەک لە تەوەرەکانی ئەم کتێبە، کە نووسەر هەندێک جار بەدرێژیی و هەندێک جاریش راگوزەرانە بەسەریان دەکاتەوە، هەڵدەگرن کە تیشکی زیاتریان بخرێتە سەر، بۆیە بریارمدا کە بەم گفتوگۆیە ئەو کتێبە بەسەر بکەمەوە، تا خوێنەر زیاتر بە مەبەستەکانی نووسەر ئاشنابێت. گتوگۆکە لە چەند پرسیارێک پێکدێت، کە هەر جارەی یەکێکیان بڵاودەبێتەوە. پرسیارەکانیش بەگشتی وابەستەن بە باسەکانی نێو ئەو کتێبەوە. پرسیارەکان بەپێی تەوەرەکان ناونیشنیانێکی دیارکراویان دەبێت. پاشماوەی ئەم بەشە بریتییە لە پرسیاری یەکەم.

بەختیار کەریم

## (1)

## دوودڵییەکانی تاراوگەبوو لەنێوان گەڕانەوە و گەڕانەوەیەکی تردا

بەختیار: یەکێک لە غەمە سەرەکییەکانی مرۆڤی تاراوگەبوو، گەڕانەوەیە بۆ نیشتیمان و غەمی لەوەش گەورەتر گەڕانەوەیەکی ترە بۆ تاراوگە. کاتێک نە نیشتیمان دەمانناسێتەوە و نە ئێمە ئەو دەناسینەوە، تێدەگەین لەوەی کە گۆڕانێکی بنەرەتی لە پەیوەندیماندا لەگەڵ (شوێن) رووویداوە، چیتر مانەوە لە نیشتمان دالدەی رۆحی تاراوگەبوومان نادات، بۆیە پێچانەوەی بوغچیەکی دیکەی سەفەر دەبێتەوە خولیا بۆ "دەربازبوون"ەوە لە نیشتیمان.
یەکێک لە تیما سەرنجراکێشەکانی کتێبەکەت، مەسەلەی گەڕانەوەیە، پاش دوو دەیە لە تاراوگەبوون، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ سەختی بریاری گەڕانەوە. بەڵام پێدەچێت گەڕانەوە هۆشیاربوونەوەیەک بووبێت لەوەی کە یادەوەرییەکانت تالانکراون، دەشێت ئەمەش کۆتاییەک بێت بۆ ئەو خەونە، کە کۆی کارکردن و خوێندنی خۆتت بۆ تەرخانکردبوو، خەونی تۆی تاراوگەبوو، کە کۆی بوونی خۆتت لە تاراوگە بۆ خوێندنێک تەرخان کرد کە دواجار سوودێک بە جڤاتی کوردی بگەیەنێت. با هەر بەم ئاراستەیەدا بەردەوام بین و بە باسی ئاستەنگەکانی گەڕانەوە و دواتر ئەو ئاستەنگانەی لە نیشتیمان تووشت هاتن بۆ مانەوە دەستپێبکەین. پاشان هۆکار(ەکانی) نووسینی ئەم کتێبە چی بوون؟

هەندرێن: هەڵبەتە، وێرای ئاماژە سەرەکییەکانی تۆ، ئاستەنگی تاراوگە بوون و ماخولیای گەڕانەوە بۆ شوێن و نیشتمان، وەک دۆخێکی نائاسایی لە بوونمان، پەژارەییەکە لە نێوان ژیان و مەرگدا. لێرەدا نامەوێ باسی رەهەندەکانی تری تاراوگە بکەم، کە دەکرێ وەک دۆخێکی کارای ماریفی تێیبگەین، بەڵکو من باسی ئاستەنگی ئەو تاراوگە بوون و خەمی گەڕانەوەیە دەکەم، کە دوورە لە ئازادی هەڵبژاردن. رەنگە بۆ ئەو کەسانەی کە دوای ناوەرستی نەوەدەکان، لەبەر شەڕی خۆکوژی حیزب، لە نیشتمان دەرچوون و ژیانی تاراوگەیان هەڵبژارد، تێرامانێکی دیکەی جودا هەبێ، لێ دەرهەق بە خۆم کە هەر لە تافی لاویەتییەوە بە ناچارکراوی شوێن و نیشتمانم بەجێهێشت، هەمان ئاستەنگ و هۆکرد نابینم. لە سەرەتای 1981دا کە من لە هەولێر، وەک شوێنێک لە ماکی بوون، سەرم بۆ شاخان هەڵگرت، نیشتمان دیلکراو بوو. ئیتر لەوێوە تاراوگە و خەونی گەڕانەوە بۆ بینینەوەی شوێن دەستیان پێکرد. لەبۆیە دەکرێ، وەک هاوردە/مێتافۆرێک، ئەو چرکە ساتە، لە دۆخی دوو ئەڤیندارادا بچووێنین، کە لە ژوانە لێکدابڕاو و نهێنییەکانیاندا بە حەسرەتی ژوانگەیەکی ئازادن. دواجار کە لە سەرەتای

1990ەکانەوە لە سوێد خۆم بینییەوە، ئیتر بە دەم خەونی گەڕانەوە بۆ شوێن، خۆم سەرقاڵکرد بە خوێندنی زانکۆ، کە پێم وابوو خوێندنی بەشە مرۆڤایەتییەکان، بیرۆکە نوێیەکان، جوانترین دیاریی بێ بۆ ئەو شوێنە ببمەوە. هاوکاتیش ئەمە مانای ئەوە نییە کە مەیلی خۆم لە هەڵبژاردنی ئەو ژیانە و خوێندنە و گەڕانەوەیە بۆ ماڵی یەکەم ئامادەیی نەبێ.
لەو روانگەیەوە کێشەی بڕیاری گەڕانەوەی من بۆ شوێن و نیشتمان، بڕیاردانێک بوو لە دەستی ئەو کێشمە کێشمە ناوەکییەی کە بە درێژایی زیاتر لە بیست ساڵ لەگەڵیدا دەژیام. بە واتایەکی تر، حەزمدەکرد لەو فرسەتەی کە گوایە نیشتمان ئازادە، بەو شوێنگەلە شاد ببمەوە کە لە رۆژگاری رژێمی بەعسییدا تەواوی ژوانەکانمان بە نهێنی و دڵەلەرزێ بوو.
بە دیویکی تر کە تۆ لە پێناوی نیشتمانێکی دیلکراو ژیانی خۆت بەخت بکەی، ئیتر ئەو دۆخە لە تاراوگە بوونە، پرسیارێکە لە نێوان بوون و نەبووندا. کەواتە کە لە ئاگایی کەسێکدا تاراوگە ئەو ئاستەی پێکا، ژیان دەبێتە گفتگۆیەکی دژوار لە نێوان مانەوە و نەمانەوە، لە نێوان گەڕانەوە و نەگەڕانەوەدا.
ئیتر من دوای ئەو پرۆسە ئاڵۆزە، بڕیاری سەفەری کوردستانمدا. لە راستیدا رەنگە شوێنپێی ئەو شوێنانەی کە من لە کاتە سەخت و دڵکێشەکانی ژیانی نێو شار و پێشمەرگایەتیدا لەگەڵیان ژیا بووم، هۆکردێکی بنەڕەتی بن بۆ گەڕانەوە و نووسینی ئەو کتێبە، کە وابزانم خوێنەر بە دەم خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە، دەبێ هەست بەوە بکا. هەڵبەتە رەنگە ئەو تەرزە ئاوێزان بوون و ئاستی کاریگەرییانە بە شوێن، لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی تر جودا بێ. بەڵام کاتێک تۆ بە چڕی لەگەڵ شوێندا ئەزموونێک لە مەرگ و ژیانت بەسەر برد، ئیدی شوێن رۆدەچێتە ناخی ناخ و شوێنپێ و زایەڵەکانی یادەوەریت دەتتنەوە. هەر بۆ زانین، من لەو ماوەی ژیانم لە سوێد، بە سەدان شێوەی سەیر و سەمەرە خەونم بەو شوێنانە دەبینی کە لە پێشمەرگایەتی لە دۆخی تۆپباران، شەڕ، ئەڤینداری و ... تیاندا ژیا بووم. یا ن ئەو شەقامە سەرەکییانەی کە ئەوەندەی لە کوردستان بووم، هەرگیز بە رۆژ و بە ئازادی نەمبینیبوون، تەنیا لە پێشمەرگایەتیدا نەبێ کە بە ترس و بێدەنگی بە شەو دەمانبڕی. بۆ من بینینەوەی ئەو شوێنانە هەمیشە حەسرەت بوون.
بەمجۆرە کە گەڕامەوە بۆ نیشتمان، هەستم کرد، لەو "کوردستانە ئازاد و کۆمەڵگا مەدەنی"یەکەیدا، سەرتاپای یادەوەری شوێن تاڵانکراوە. بە کورتی ئەو شوێنەی کە لە سەرتاپای ژیانی تاراوگەدا، بەها و وێنایەکی روحی، میتافیزیکی و ئیدیالی بوون، کەچی ئێستا ئەو شوێنانە چۆڵ و فەرامۆشکراون یان کراون بە موڵکی حیزب یانیش وێرانکراون. لەوەش زیاتر. کۆنە جاش و کۆنە بەعسی و تاڵانچییەکان، قاچاخچێتی بەو شوێن و نیشتمانە دەکەن. وێڕای هەڕاجکردنی ئەو بەهایە مێژووییانەی شوێن و بە هەڕمێنبوونی چەواشەکاری لە هەموو ئاستێکدا، کەچی هەستم کرد وەک ئەوەی من سەر بەو شوێنە نەبم. لە کاتێکدا شوێن جۆرە ئاوێنەیەکە کە لەوێدا یادەوەری و مێژوو؛ شوێنپێیەکانی ژیان، رەنگدەدەنەوە.
بەهەمە حاڵ، دواجار کە نامۆبوون لە شوێن یادەوەری گەمارۆدا، ئیتر ژیان دەبێتە جەنگێک لەگەڵ سێبەری نێوان خۆ بەدەستەوە دان و هەڵشاخان. لەبۆیە لەو دۆخانەدا نووسین دەبێتە سەبووریەک لە ئاوەدانکردنەوەی یادەوەریی. لێرەدا دەکرێ بڵێم، کە ئەو کتێبە چەشنە ئاشتبوونەوەیەکە لەگەڵ هەموو ئەو جەنگە دەروونیانەی کە لە نێوان خود و تاراوگە، لە نێوان شوێن و تاراوگەدا، لە نێوا رابردوو و ئێستای خود و شوێندا لە ئارادان. هاوکاتیش نووسینی ئەو کتێبە، لەو دۆخە بێهوودەیەدا، ئاوەڵاکردنەوەی ژوانگەیەکە، تاکوو لەوێدا شوێنەکان لە گفتوگۆ و گازاندە و لاواندنەوەکانیاندا لەگەڵ تاراوگەدا، لە دەرفەتێکی ئازاد دا، پەژارەکانیان نمایش بکەن. بەمەش باخچەیەک لە گوڵناری

شوێنپێیەکانیان بۆ تاراوگەی بوون فەراهەم بکەن. بە واتایەکی دیکە، ئەو کتێبە وەک شەپۆلێک لە بالگەل شوێنپێیەکانی خود و یادەوەریی بە دەم ئامادەبوونەوە، زایەڵەدار دەکەنەوە.
هاوکاتیش، چیرۆک و گفتوگۆیە باڵادەکانی ئەزموونی تاراوگە و شوێنپێیەکانی شوێن، گەلێک لەوە زیاترن کە لەو کتێبە، ماڵی تاراوگەیەدا نمایشکراون، هەروەک هۆکارەکانی نووسینیەوەکان لەوەش زیاترن کە من ئاماژەم پێکردن.

## (2)

# لاواندنەوەی یادەوەرییە تاڵانکراوەکان

بەختیار: بەدران ئەحمەد حەبیب، وەک لە کتێبەکەتدا باسی دەکەیت، یەکێک بووە لە هاورێکانی شاخ، ئەمرۆش یەکێکە لەو چالاکانەی مەکینەی پڕۆپاگەندەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بەڕێوەدەبات، لە نامەیەکدا بۆی نووسیوویت:

> **"لەتە دابڕاوەکەم مەهدی گیان (هەندرێن)! سڵاوێکی گەرم لە گەرمیی نانی بەیانیانی دایکم و بۆنخۆشی (نوا)ی کچۆڵەی یەکساڵەم.... کاکیلەکەم: ئەوا بۆ دوو ساڵ دەچێ جارێکی تریش بێزاری و وەڕسی و لە وڵات نەحەجمین تووشم بۆتەوە... ژیان ساڵ بە ساڵ بەڕێوە دەچێ و منیش هەر دەستەوئەژنۆ دانیشتووم، هەولێرم لێبۆتە ئەو پاڵ شاخەی جاران (گیرمان تێدا خواردبوو). وڵات بۆتە وڵاتی دزی و درۆزنی و قاچاغچیەتی و موزایەدات...**

داخم ناچێ، ئەمرۆ بەدران ئەحمەد حەبیب و زۆربەی ئەو رۆشنبیرانەی لە کوردستان و دەرەوە نیشتەجێن، لەئاست هەمان ئەو دزی و درۆزنی و قاچاخچێتییەی لەو نامەیەدا باسکراون بێدەنگن، بگرە زۆربەیان بەشێکن لەو گەندەڵییەی جەستەی جڤاتی کوردی پەرت دەکات و بەرەو ئاێندەییەکی لێڵ پەلکێشمان دەکات. چۆن ئەم بوونەوەرە دووڕووانەی (با لە کۆێوە هات لەوێوە شەن دەکەن) شەرمەزار بکەین و بیانخەینە بەردەم ئەو بەرپرسیارێتییەی خۆیانی لێدەدزنەوە؟ ئایا کاریگەریی ئەم نەریتە ناشیرینەی: یان رۆشنبیرانی کردۆتە بەشێک لەو دزییەی بە رۆژی رووناک بەڕیوەدەچێت، یان کردونیەتە کۆمەڵێک زار کە جگە ستایش و تەرسەقول هیچی دیکەی لێ ناکەوێتە خوار، لەسەر لاوان و نەوەکانی داهاتوو تا چ ئاستێک دەبێت؟ ئایا ئەو رۆشنبیرانەی ئەمرۆ لە دەزگا و سێنتەرەکانی بیر(نە)کردنەوەدا پاڵەوان و مشەخۆرن و هەژموونیان بەسەر کۆی رۆشنبیریی کوردیدا فەراهەم کردوە، هۆشیارن لەو پرۆسەیەی چالاکانە تێیدا بەشدارن، یان گێلن لەوەی بوونەتە داردەستی دەسەڵاتە گەندەڵەکانی کوردستان و بەرپرسە چەتەکان؟
وەک ئاگادارم ئەم کتێبە چەندین مانگ چاوەڕوانی چاپکردنی کرد، لەکاتێکدا زبڵی چەند لاپەڕەیی بەناوی کتێبەوە چاپدەکرێت، کە شایانی ئەوەنین وەک وتاریش رووناکی ببینن نەک کتێب. پێم خۆشە لەسەر دواخستنی مەبەستداری چاپکردنی کتێبەکەت بدوێیت، کێ بوون ئەوانەی رێگربوون لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەت؟ چما نووسەری کورد هێند درۆزنە کە لەلایەکەوە بۆتە زورنای دیمۆکراسی

و لەلایەکی دیکەوە دەست دەنێتە بینەقاقای هەموو ئەو هەناسانەی کە لە زاری دەروێشە تەرسەقولبێژەکانەوە دەرناچن و ستایشی خۆی و شێخەکانی هاوسەنتەری ناکەن؟

هەندرێن: لێرەدا بە گرنگی دەزانم ئەوە روونبکەمەوە، کە ئامادەیی ئەو نامەیەی کاک بەدران ئەحمەد لەو کتێبەدا، نیازی بێ ئەمەک بوونی من لەو پەیوەندییەدا نییە، کە لە کاتێکی زۆر جیاواز لە ئێستادا روویداوە. بەڵکو مەبەست لەو نامایە ئەوەیە کە لە کۆنتراستێکی راشکاودا شوێنپێیەکانی ژیانی رابردوو و ئێستای خۆم و ناوکۆییەکان؛ یادە تاڵانکراوەکان نمایشبکەم و بەمەش شوێنکات لە جیاوازییەکدا لەو دابڕانە دەروونی  و وێنا ناچاوەڕوانکراوانەدا بدوێنم. لەبۆیە ئامادە بوونی ئەو نامەیە ئەوەندەی بەرجەستەکردنەوەی پەژارەی خۆم بۆ ئەو شوێنکات و وێنایە لێکنەچووانەی مەبەستە، هێندە مەبەستی کەسایەتی خودی دوێنێ و ئەمڕۆی بەدران نییە. ئەوە خوێنەرە کە چۆن ئەو تەرزە پەیوەندییە وێنا دەکا،
کەواتە ئامادەیی نامەکەی کاک بەدران ئەحمەد، کە ئێستاش، وێڕای جیاوازی لە نێوان ئاستی پەیوەندی نێوان دوێنێ ئەمڕۆماندا، لای من ئەزیزە، پەیوەستە بەو ناوکۆییەی شوێنکاتەوە، واتا ئەو نامەیە وەک دەنگێکی زیندوو، رۆشناییەک دەپرژێنێتە سەر جەستەی گوڵناری شوێنپێیەکانی ئەو بەشەی کتێبەکە. ئەمەش وادەکا کە ئەو ژیانە بەتاڵکراوەی ئێستا لە بەهایەکان، بلەرێتەوە. بەمجۆرە ئەو نامەیە گێڕانەوەی کۆپلەیەکی ئەو داستانە لێپچڕاوانەی ژیانێکە، کە هەمووومان بە شێوەی خۆمان، وەک بەهانەیەک لە خۆ دزینەوە لە مەرگ، سەرقاڵین پێیانەوە.
هاوکاتیش لەو دەرفەتەدا دەخوازم بێژم، کە کۆمەڵگای ئێمە، بە تایبەتیش ناوەندە رۆشنبیرییەکەی، هەمیشە نموونەی بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە نامە و بەڵگانە، لە چێوارچێوەیەکی تەسکی کەسایەتیدا سەیر دەکا. ئەمەش جیهانبینییەکی داخراو و خێڵسالار بەرهەمهێنەریەتی. ئەمرۆ لە جیهاندا، نووسەران، بە ژن و پیاوەوە، وەک دیاردەیەکی کراوە، بەشێوەی جودا، فیلم، ژیاننامە و ژانرەکانی تر، باسی شتە تایبەتییەکانی ژیانی خۆیان دەکەن، کەچی نووسەری ئێمە لە قسەکردن و وێناکردنی شتە گشتی و وتراوەکان بترازێ، دەست بۆ شتێکی تر نابات. هاوکاتیش بانگەشە بۆ داهێنان، ئاوەڵایی و گۆڕانی کۆمەڵگا دەکا. لەو روانگەیەوە وەک دەبینین، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا سەرتاپای سیاسەتمدار و نووسەران دژی گەندەڵی، نادادپەروەری، ئازادی و ئەو قسەگەلە دڵخۆشکەرانەن، کەچی کەسێک رانەپەڕێ و بپرسێ: ئەرێ ئەگەر هەموو سیاسییەکانی کورد، دژی گەندەڵێن، ئەی کێ ئەو نەخۆشییە ناقۆڵایەی تووشی کۆمەڵگای کوردی کردووە؟ گەلۆ ئەگەر تەواوی نووسەر و سیاسیی کورد بڕوای بە یەکسانی و ئازادی ژنان هەبێ، ئەدی ئەو هەتکردنەی ژنان و خاڵی بوونی شەقام و گۆڕەپانە گشتییەکانی شار لە مێینە، خەتای منی دانیشتووی سوێدە؟ ئەگەر لە نەخوێندەوار و دوکاندارێک تێدەپەڕێ بیگری هەتا دەگاتە سەرۆکی کورستان و سەرۆکی حیزبەکان، هەر هەمووی  دژی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوون، ئەی بۆ "شەرەفی خێزان و خێڵ" لە کۆڵ ناوگەڵێ ژن نابێتەوە؟ کەواتە یەکێک لەو هۆکردە بنەڕتییانەی کە کۆمەڵگا بە دەستیەوە دەناڵێنێ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەنەلۆگ/خۆبەخۆ قسەکردن و بە دزی قسەکردنی نووسەر و سیاسەتکار و توێژەکانی تری کۆمەڵگای ئێمە. بەمجۆرە ئەگەر بەرپرسیارانی سیاسی و رۆشنبیریی کورد، راستگۆن لە دژایەتیکردنی گەندەڵکاری و نوێباوکردنی کۆمەڵگای کوردی و خۆشیان بەشدار نین لەو دۆخە داهێزراوەی کوردستان، دەبێ بە ئاشکرا پەنجە بخەنە سەر ئەو سەرچاوە و بەرپرسیارانەی کە بەرهەمهێنەری ئەو چاوەشەکاریی گەندەڵکارییەن. ئەو باسە هی ئێرە نییە، بەڵام ئەوەی دەمەوێ بڵێم، مرۆڤێک، کۆمەڵگایەک، ئەگەر بخوازێ گۆڕانکاریی دروستبکا لە خودی خۆی شوێنگەکەی، بە دەستەوایکردنی

ئەو تێزەی هابرماز، (هەڵبەتە نووسەر و سیاسیانی ئەمڕۆی کورد بە بینینی ناوی فەیلەسوفان، باشتر سەرنجی پێشنیازەکانمان دەدەن) کە دەڵێ، پێویستە سەرتاپای خەڵک لە گفتوگۆیەکی ئاوەڵا و یەکساندا بەشداری لە ئاڵوگۆڕکردنی بیر و رایەکان بکەن و دواجاریش دەبێ بەشدار بووان بڕوا بە تۆکمەترین ئاکامگیریی بێنن.

بۆیە بە جەختکردنەوە دەڵێم، تەواوی ئەو ناو و لایەنانەی کە من لە کتێبەکەمدا باسمکردوون و ئامادەن، لە مەیلی ئاوەڵایی منەوە هاتوون، نەک کێشەی کەسایەتی و ئەو جۆرە هەستە باوانەی کە لە کۆمەڵگای داخرا و دژە جیاوازی ئێمەوە رەگئاژۆیە. هەمووماں دەزانین نووسەر و سیاستکاری ئێمە لە گفتوگۆی نێوان خۆیان و لە ناخی خۆیان کوو قسە دەکەن و دەژین، کەچی لە بەرانبەر خەڵکدا، کە باس دێتە سەر پرسیارە بنەڕەتییەکانی وەک، دژە گەندەڵی، ئازادی دەربڕین، یەکسانی ژن و ... هتد، هەموو گیڤارا و فەیلەسووفی گۆڕانن. کەواتە، ئەگەر ئەو بەڕێزانە کە لە کتێبەکەمدا ناویان ئامادەیە ئەو بابەتانەش کە لە پەیوەندی بە ناوی ئەوانەوە باسمکردوون، دلگرانیان بکا، ئەوکاتە، تاوەکوو راستییەکان دەربکەون، من ئامادەم لە گفتوگۆیەکی ئاوەڵادا لەگەڵیاندا بپەیڤم. ئای کە خوازیاری درێژ بوونەوەی ئەو قسانە نەبووم، بەڵام پێویستییەکی بنەڕەتی ناچاری کردم.

سەبارەت بە ئاوابوونی ئەو دۆخە ئیدیالییە و پەیوەندییەکان، دەمەوێ بڵێم، کە دوای راپەڕینە بوێرەکەی خەڵکی کوردستان و دواجاریش هەرزانکردنی ئەو راپەڕینە بە هەڵگیرساندنی شەڕی خۆکوژی، ئیتر بەهای ئەو پەیوەندییانە و داستانە ئیدیالیانە، کە من لە رێگای ئەو نامایەی بەدران هەوڵدەدەم دیمەنێکی نیشان بدەم، سەرتاپا ئاوەژوو کرانەوە. دوای ئەو شەڕە خۆکوژەیە ئیتر ئەو بنەما جوانانەی کە بەر لەو دۆخە خەمینە سەرشاری هەڵسەنگاندنی مرۆڤی کورد بوون، تەواو بێمانا بوون. وەک دەزانین ئەو دوو حیزبە لەگەرمەی شەڕی خۆکوژیدا بۆ جۆشدانی ئەو شەڕە، بە هەموو شێوەیەک نووسەری کوردیان لە رێگای پارەوە بە زمانی بیرکردنەوە سەقەتەکانی خۆیان چەکدار کرد- هەڵبەتە نووسەی کوردیش خۆی لەوەدا کارایە. لێرەوە ئەو جیاوازیەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی، کە نموونەی وەک بەدران ئەحمەد لەو دۆخە گەندەڵکارە بێدەنگن، ئاکامێکە لەو سیاسەتە وێرانکارییەی کە حیزبی کوردی لە دوای راپەڕینی 1991ەوە هەتا ئێستاش پیادەی دەکا. لەوێدا ئومێدێک بۆ مرۆڤ نەمایەوە، بێجگە لە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو دۆخە. دواجاریش مرۆڤ کە ئومێدی لە دەستدا، ئیتر خۆی دەبێتە بەشێکی کارا لەو دۆخە.

لێرەوە ئەو کاریگەرییەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی لەسەر نەوەی لاوانی ئەمڕۆ و مرۆی کورد بە گشتی، بە بڕوای من، لەوە تێپەڕیوە کە وەک مەترسییەکی چاوەڕوانکراو بیری لێبکەینەوە. ئەمڕۆ ئەو بەها نەتەوایەتی و ئەو پێوانە جڤاکییانەی کە لە سەردەمی پێش راپەڕین و کانگای ڕاپەڕینی 1991 دا هەبوون، بوون بە "داستانە ئاوا بووەکان". ئەمڕۆ لەو حوکمەتە کوردیەدا جاش نووسەران و بەعسییە نووسەران دەمڕاستی رۆشنبیریی و کوردایەتین و کۆمەڵگای "مەدەنی"یمان بۆ دروستدەکەن. لێرەدا بۆ روونکردنەوەی ئەو دۆخە، ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بە هەڵەپاسگەڵیکی وەک شێرزاد عەبدولڕەحمان بکەین، کە نەک هەر بەعسییەکی شاخدار بوو، بەڵکو رۆژنامەنووسێکی پەڕپووتیشە، کەچی لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەوە، کراوەتە دەمڕاستی رۆشنبیریی حوکمەتی یەکگرتوو، ئیتر ئێمە گریمانەی کام کاریگەریی لەسەر نەوەی لاوان بکەین و کام نووسەر و مەنسوولی گەندەڵ و چاوەشەکار شەرمەزار بکەین، کە خاوەن هەموو مێژوویەکی دزێوە؟! ئەمڕۆ کارامەیی مرۆڤی کورد لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە لە ئاستی چەواشەکاریی و دزین و گەمەی درۆیەکان و ... چەندە ئەوقاتە، نەک ئاستی ویژدان و زانینی چەندە و چییە. هەروا ئەمڕۆ ئەوانە سەرکەوتوون کە دوێنێ لە رژێمی سەددامدا لووسکە و هەڵەپاسی لێزان بوون. بەهەمە حاڵ،

هەڵوێست و ویژدان پارێزی، کە کاتی خۆی پێوانە بوون بۆ مرۆڤی کورد، لەو کۆمەڵگایە بە حیزبکراوەی کوردستانی ئەمڕۆدا، کراوە بە کەرەسەی چاوەشەکاریی و تەڵەکەبازی.

لێ کێشەی دواکەوتن و سەختی چاپکردنی کتێبی "گوڵنارەکانی شوێنپێ..." لە خودی شوێنپێیەکانی ئەو گوڵنارانەی ناو کتێبەکە ئازاراویترە. من بە سروتێکی سەرمەستانە لە ماوەی مانگێکدا ئەو کتێبەم تەواو کرد و لە مانگی 9ی ساڵی 2005 بۆ گۆڤاری "ئاینده"م نارد، کە هەرچەندە من پێشوەخت، بۆ دڵنیاکردنەوەی بەڕێوەبەری ئەو گۆڤارە، ئاماژەم بەو باباتەنە کردبوو کە لەو کتێبەدا ئامادەن، کەچی سەرەتا ئەوان وتیان کێشەیەک نییە هەرچی تێدا بێ، بەڵام دوای شەش مانگ لە چاوەڕوانی چاپکردنی ئەو کتێبە، لە هیکرا پێیان راگەیاندم، کە لێژنەی چاودێری لە "دەزگای پەخشی سەردەم" چاپکردنی ئەو کتێبەی رەتکردۆتەوە، چونکە پێیان وایە کە ئەو بابەت و ناوانەی کە لە کتێبەکەدا هەن، ئەوان تووشی کێشەی قانوونی و سیاسی دەکا. دواجار من ناچار بووم بگەڕێم بە دوای چاپخانەیەکی تر. ئیتر دوای سەر ئێشەیەکی زۆر، "سێنتەری ئەدەب و فیکری نما"، بە برێک لە پارەی خۆم و برێکی زۆری پارەی خۆیان، رازی بوون کتێبەکەم بۆ چاپبکەن. بەڵام وێڕای ئەمەش، کتێبەکە بە هۆی بچووکردنەوەی پیتەکانییەوە، کە ئەگەر کەسێک چاوی خراپ بێ ناتوانی بیخوێنێتەوە، هەروا تێکدانی بەرگەکەی کە بریتیە لە بەشێک لە گوڵناری یادەوەریی و دەستکردی خۆم، سەقەتکراوە. وێڕای ئەوەی کە ئەوان ئەو کتێبەیان تەنیا بۆ ئەرشیف چاپکردووە، نەک بڵاوکردنەوەی لە کتێبفرۆشییەکاندا.
وێڕای ئەمەش، من لەبەر ئەو رێکەوتنە دەست و بردە لەگەڵ گۆڤاری "ئاینده"، ناچار بووم بەشێکی زۆر لەو کتێبە لە دەست بدەم. بەڵام بۆ زانین، هەروەک هەموو گەندەڵییەکان، ئەگەر ئەمڕۆ سەر بە حیزبێک و مێگەلێک لە نووسەرانی مشەخۆر نەبی، چاپکردنی کتێب ئاسان نییە. هاوکاتیش ئەمڕۆ هاسانکاریەکی زۆر هەیە بۆ چاپکردنی قەڵایەک لە کتێبی پڕوپووچ، کە ئەمەش بۆ بە بازرگانیکردنی ئەو چاپخانانە لە لایەن هەڵسوڕێنەرە حیزبەکانیانەوە دەگەڕێتەوە.

## (3)

## هەڵدێرانی زەمەن

**لە دەستم بێ مانگیشم بە پیادە بەسەر شوونە تێنووەکانی کوچا دەناردەوە.**
**ئەو ئاسمانە بە ئەستێرەکانەوە لەسەر ئەو گوندە بزمار رێژ دەکەم، کە تۆ وەک کەروێشکێکی خەوناوی لە ناو دەستەکانم ڕۆیشتی،**
**ناوەکەشی لە یادەوەریمدا هەورێکە بە یادم نایێتەوە.**
**– هێشتا زووەو ئەوانیش دیارنین، بیر دەکاتەوە!**
**ئەرێ زەمەن لە کوێ هەڵدێرا؟**

(هەندرێن، سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور)

**بەختیار:** ئەرێ زەمەن لە کوێ هەڵدێرا؟ با لەسەر کێشەی ئێمە لەگەڵ یادەوەرییدا بدوێین. لەیەکێک لەوتارەکانتدا باس لەوە دەکەیت کە گەندەڵیی "گەندەڵیی یادەوەرییە"(2)، ئەو یادەوەرییە کورتبینەی مرۆڤی کورد کە بەردەوام پشت دەکاتە ئەو مێژووەی هێشتا تێنەپەڕێندراوە. لەم کتێبەشدا باس لە گومانەکانی خۆت دەکەیت لەبەرامبەر دەسەڵاتێکدا کە پرۆژەی بۆ داهاتووی جڤاتی ئێمە هەبێت، چونکە ئەم دەسەڵاتە مێژوو وەک کەرەستەیەکی مردوو، یان باشترە بڵێین وەک کاڵایەک، بۆ کۆتاییە پارتیزانەکانی خۆی بەکاردەبات، نەک وەک وانەیەک، یان پاشخانێک کە دەکرێت لەسەر بنەما چاکەکانی بنیاتبێین و لە شکست و کەمخوێنییەکانی فێربین. تۆ لە کتێبەکەتدا لەسەر نەبوونی وشە و بزاڤی ڕۆشنبیری لە شارێکی وەک ئامێدی پێمان دەڵێت کە: "ئەمەش ئاستەنگێکە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری سیاسی بەرهەم هێنەریەتی و ئاخاوتن لەسەریان بێنێکی درێژی گەرەکە." با لێرەدا ئەو بینە درێژەت لێداوابکەم و بپرسم: هەر بەڕاست تا چەند ڕەوایە ئەو پرۆسەی مێگەلاندنەی نووسەر و پاشان ئەو ئاستەنگانەی کە دەسەڵات بەرهەمهێنیەتی، بخەینە ئەستۆی ڕۆشنبیران خۆیان، کە زیاتر لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی سەودا بە هەموو بەهاکانی مێژوو، ئێستا و ئایندەی ڕۆشنبیریی کوردییەوە دەکەن؟

**هەندرێن:** هەڵبەتە تۆ لە دوو توێی پرسیارەکەتدا سەرنج بۆ بابێتێکی گەوهەری کێشەکەی؛ واتا پرسی ئەو یادەوەرییە بە گەندەڵکراوەی کورد. لەوەش زیاتر، ورووژاندنی پەیوەندی ئاڵۆزکاوی نێوان دەسەڵات و ڕۆناکبیرانی ئەمرۆی کورد لە ڕۆڵی بە خەساردانی ئەو یادەوەرییە، کە یەکێکە لە قووڵترین ئاستەنگەکان لە مێژووی کۆن و تازەی ئێمەدا. لێ مخابن دیسانەوە دەبێ بڵێم کە لەو گفتوگۆیەدا، ناتوانین بە چڕی شرۆڤەیەکی چاوەڕوانکراو بۆ ئەو بابەتە بکەین.

وێڕای ئەمەش، بۆ ئەوەی هەرنا ئاسۆیەک بۆ ئەو پرسیارەی تۆ ئاوەڵا بکەینەوە، دەتوانین بەرهەمهێنانەوەی ئەو ئاستەنگە لە یادەوەری کورد بگەڕێنینەوە بۆ کێشەی ئەو یادەرەوورییەی کە بە "پۆستراوما" دەناڵێنێ، هەروا بۆ ئەو کۆنتێکستە/ناکۆکییە کوردییەی کە لە چرکە ساتە وەرچەرخێنەرەکاندا هەمیشە هۆکرد بووە بۆ فەرامۆشکردن و بە هەدەردانی ئەو یادەوەرییە. هەر بۆیە بە بڕوای من، بەشێک لە هۆکردەکانی ئەو بە گەندەڵکاریی و فەرامۆشکردنەی یادەوەریی لای ئێمە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکهاتە هۆزگەراییەی کە لە ئاراستەکردنی ناخی بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردیدا کارایە. دواجار ئەو پێکهاتە هۆزگەراییە لە ژێر پەردەی "لێبووردن" و لە بیرکردن، کە ئەو جۆرە لێبووردنە لای ئەو هێزە دەمراستە سیاسیی و ڕۆشنبیرییە، لێبووردنێکی خێڵەکییە نەک ویستگەراییەکی ماریفی. بۆیە زەمینەی قەتیسمان و دووبارە بەرهەمهاتنەوەی ئاستەنگی ئەو وێنا یادەوەرییەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزە ڕوخێنەر و داخراوەی کە لەناو بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردا باڵادەستە و ئەو هێزەش کاراترین هێزە لە هەناوی جڤاکی کوردیدا. لەبۆیە دواجار هەر کاتێک بزاڤێکی سیاسی و ڕۆشنبیریی نوێ دەستی پێکردووە، کە لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی کوردا بە خەونە نوێیەکانی هەوڵیداوە ئەو یادەوورییە لەو قەتیسمان و نووشستییە ڕزگار بکا، کەچی وەک هەمیشە، لە چرکە ساتە یەکلاکارەکاندا، ئەو هێزە کۆنخواز و شوومەی کە لەناو حیزبی کوردیدا ڕەگاژۆیە، کە ئەو ڕەوتە لەناو پێکهاتی کۆمەڵگای کوردیدا پشتیوانیەکی زۆری دەکرێ، ئەو بزاڤە نوێیەی قووتداوە و دواجاریش ئەو هێزە سیاسی و ڕۆناکبیرە کۆنخوازە زارقاڵەباڵغە کە جڵەوی دەمراستی ئەو بزاڤەی فەراهەمکرد، ئیتر ئەو یادەوەرییە دەکەنە کەرەسەیەک بۆ سەودا پێکردن و گەندەڵکاریی. لێرەوە ئەو ئاستەنگەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی، بە بڕوای من، لەو جیهانبییە باڵادەستەدا چڕ دەبێتەوە کە وەک وتم لە هەناو و پێکهاتی کوردیدا کارایە. لەو دیدەڕا ئەو

---

2 بۆ بینینی وتارەکە بڕوانە:
http://www.dengekan.com/doc/2005/gandale_11_2005/handren_gandale13.pdf

وێنایەی کە لە ئەزموونی کوردستانی باشووردا دەیبینین، دەرهاویشتەکەیە لەو ناوکۆییە لێکناکۆک و تەڤلەهەڤەی ناو هەناوی جڤاکی کوردی.

سەبارەت بە شارێکی وەک ئامێدی، کە رۆژگارێک یەکێک لە جوگمەی میرنیشینەکانی کورد لەوێدا باڵادەست بووە و ئێستاش تەلاری ئەو دوو دەرگایە، وەک شوێنپێیەک لەو یادەوەرییە سیاسیی و مێژووییەکەی ئەم شارەدا، بۆتە زبڵدانێکی کەڵەکەکراو و فەرامۆشکراو. بۆ نموونە، پاشماوەی ئەو ئەزموونە سیاسییە لەو شارەدا بریتیە لە تەلاری دوو دەرگا، یەکیان دەروازەی پێشەوە و ئەویتر دەرگای دواوەیە، هەردوو دەرگایەکە لە رۆژگاری ئەو دەسەڵاتەدا بەهایەکی سەربازی گرنگیان هەبووە. دەرگای پێشەوە کە لە گومەزێکی پەنجەرەدار دەچێ و بەسەر گەلییەکەی خوار شاردا دەڕوانێ و ئێستاش لەبەر بێخزمەتیدا خەریکە داڕبڕمێ. دەرگای دواوەش لەناو خانووی بلۆکی سیمای ونبووە. وێڕای ئەمەش، سالی 2005 کە من لەوێ بووم، بینیم لە پاڵ ئەو دەرگایەی دواوە، خانوویەکی بە بلۆک دروستکراوە و قۆمەتە زیخ و چەوێک، وەک گردێک، لەبەردەم ئەو دەگایە قووتکراوەتەوە و دیمەنی ئەو دەرگایەی کوشتووە. بۆیە ئەگەر ئەو حیزبە دەسەڵاتدارە بەسەر ئەوە شارەدا لە بەهای تەلارسازیی و گرنگی مێژووی ئەو دەرگایە تێبگات، رێگە نادا ئەو دەرگایە بەمجۆرە بشێوێنریت.  هەروا ئامێدی لە حەفتایەکانیشدا وەک شارێک لە دەڤەری باهدینان، بەرهەمهێنەری کۆمەڵێک وزەی ئەدەبی، هونەریی، سیاسی و فراژانی جڤاکی بوو، کەچی ئێستا وەک شارە دێیەک، بێجگە لەوەی کە تەنیا دەسەڵاتی پارتی تیادا باڵادەستە، هاوکاتیش خاڵییە لە ژیانی رۆشنبیرییەکی فرەرەنگ. بۆ زانینیش، لە قۆناغی پێشمەرگایەتییدا پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی عێراقی لەو شارەدا، وەک چۆنایەتی و چەندایەتی، زۆر لە پێشمەرگەکانی پارتی چاڵاکتر بوون. ئەو باسەش زۆر هەڵدەگرێ.

لەبۆیە لەوکاتەی کە ئێستا سەرەوری کوردستان؛ ناوچە بە عەرەبکراو، کێشەی کەرکوک، دادگاییکردنی سەددام و ئەنفالچییەکانی رژێمی بەعس لە ئارادەیە، کەچی لەو پرۆسەی بە هەرزانکردنەی کۆمەڵگای کوردستاندا، کە بە دەست چەتەکانەوە لە گەندەڵی دەتلێتەوە و یادەوەریی کۆی کورد هەڕاجدەکرێ، مێدیاکانی ئەو دوو حیزبە، لە بری ئەوەی بۆ جۆشدانی کۆیادەوەریی کورد لەمەڕ برینی ئەنفال لەسەر ئێستا و ئاییندەی ژیانی کورد، ریزێک گفتوگۆی هەمە روانگە لەسەر ئەو دادگایکردنەی سەددام ئەنجامبدەن، کەچی سەرگەرمن بە هەڵپەڕکێ و بەرنامەگەلێکی بێتامی بەناوی هونەریی، کە لە ئاستی گۆرانی داواکراو، نزمترن.  هاوکاتیش کە ئێستا تورکیا و ئێران و سووریا هەڕەشە لە شەرەفی خاکی کوردستان دەکەن... هتد، کەچی رۆناکبیری زارقڵەباڵغی کورد رۆژانە لە خەمی قەڵەوکردنی ئەو شتەی کە ئەمڕۆ بە ناوی "رێزلێنان" و "تەقاویت" و "پارچە عەرد" و ... هتد، خەریکی نووسینی منگە منگ و نووزە نووز ئاسایە. ئیتر ئەو یادەوەرییە چۆن تەکان دەدا؟! ئیتر ئەو نەوە نوێیە بە کام ویست و خەونی ئەو یادەوەرییە پەروەردە بێ؟! ئەگەر لەو چرکە ساتە ترسناکەی ئێستادا، لە پانتایی رۆشنبیریی کوردی، بە تایبەتی لە ناوەوەی کوردستاندا، تۆ دوو دۆسییە، چەند کۆڕ و سێمیناری فرەوانی گرنگ لەسەر پرسی دادگایکردنی سەددام و چەتەکانی و گەوهەری ئەنفال و هەڕەشەی تورکیا و رەنگدانەوەی تێرۆر و شەڕی ئیسرائیل و لوبنان... هتد، بەدینەکەی، چۆن ئەو یادەوەرییە بە گەندەل گەمارۆدراوەی کورد، راچڵەکێ؟! ئەو گومان و پەژارەیەی کە ئەمڕۆ مرۆی کورد هەیەتی و هیزێکیش نییە جۆشیبدا، دەبێ دەمڕاستی سیاسیی و رۆشنبیریی کوردان، وەک ویستێکی کارا، بیریان لێبکاتەوە، نەک بەردەوام بن لەو خۆ گێلکردنەیان، کە دواجاریش ئەو خۆگێلکردنەیان دەبێتە لە دەستدانی ئەو ژیانە گەندەڵەشیان!

کەواتە ئەو مامەڵەکردنەی یادەوەریی لە جەم دەمڕاستی سیاسی کورد، بێبەرییە لەو روانگە ویستگەراییەی نیتشە کە لەمەڕ مێژوودا باسیدەکا. نیتشە لە کتێبی "لەمەڕ سوود و زیانەکانی مێژوو"

جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ پێویستی بە مێژوویەکی زیندوو هەیە، کە بتوانێ لە ئێستاییدا پشتی پێبەستێ. بۆیە مرۆی خاوەن ویست بە گیانێکی خەملیوو هەولدەدا ئەو مێژووە زیندووە داگیر بکا، یان دەستەبەر بکات. لێرەوە تێدەگەین، کە ئەگەر کورد لەو چرکە ساتەی ئێستادا لەو دادگاییکردنەی سەددامدا نەتوانێ ئەنفال وەک "مێژوویەکی زیندوو" بەرهەمبهێنێتەوە. ئیتر ئەو یادەوەرییە برینداری کورد، هەر بە گەندەڵی سەر دەنێتەوە.
تێرامان لە پرس و قەیرانی "گەندەڵی یادەوەری" کوردان، لەمە و لەویێش ئاستەمترە.
لێرەوە بۆ ئەوەی روانگەکانمان چڕبکەینەوە، ئەو بابەتە خەمینە بە کۆپلەی دوایی ئەو شیعرەی کە تۆ کردووتە بە سەرشاری سەرنجەکانت، خەتم دەکەین، کە دەڵێ:

"رەنگە پێویست بێ لە رەسەنی خوێنی بوون و فیزیای زەمان بهزرین.
میرنیشینەکان لەسەر بانی حەسارەوە دادەبەزن و لە بناری "حەمرین" دا
مەرێک لەبەردەم لەشکری "فتوحات" سەردەبڕن و
"گارا" تەرمی کافرەکان لە ئامێز دەگرێ و بە ریشی سپییەوە،
بەسەر "شێخان"دا دەگرێن
خێرابە "خاپوور" خێرابە...خێرا...
ئەو خێڵە دیلە نابەلەدن نابەلەدن ..." (سکاندیناڤیا...)

# (4)

# پەیوەندیی هیرارکییانەی نێوان "شێخ" و "دەروێش"

"هەر نووسەرێک کە قسە دەکا، وەک قوربانییەک خۆی نمایشدەکا و لە نووسەرانی تر خۆی بە پاکتر دەزانێت. بەمجۆرە زمان دەبێتە کەرەسەیەک بۆ قسەکردن لە خودێکی بریندار، نەک دەربڕینی بیرۆکەیەک."
هەندرێن، (گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا)

بەختیار: ئەمرۆ پرۆسەی بە پاڵەوانکردن و پیرۆزکردنی ژمارەیەک لە نووسەر دەگوزەرێت و کەسیش نییە هیچی لەسەر بڵێت. خولیای ئەم پیرۆزکردنەی نووسەرێک یان چەند نووسەرێک کۆمەڵێک دەروێش پێی مەستبوون کە لەڕاستییدا هیچ سەرودەرێکیان لەگەڵ هزردا نییە، ئاگاهییەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەو دەقانە نییە کە قسەیان لەسەر دەکەن. ئەم پیرۆزکردنە کاری هەمان ئەو نووسەرانەیە کە لە جێگەی تردا خۆیان بە دوژمنە سەرسەختەکانی هەموو موقەدەسێک دەناسێنن، کەچی کاتێک دەقی نووسەرێکی دیاریکراو بڵاودەبێتەوە، بەدەر لەوەی ئەم دەقە باشە یان خراپ، وەک داهێنانی سەردەم پیمان دەفرۆشن و نووسەرەکەشی وەک مرۆڤێکی ناوازە دەناسێنن، مرۆڤێک کە دەتوانیت هەموو کێشەکانی کۆمەڵگای ئێمە چارەسەربکات چونکە لە هەموو بوارەکاندا قسەی هەیە. لەکاتێکدا لە هیچ رۆشنبیرییەکی دیکەی جیهاندا ستایشکردن نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی چەند نووسەرێک بکرێن بە شێخ و ئەوەی بەشانی تەپیویاندا هەڵنەڵێت لە رۆشنبیریی کوردیی وەدەردەنرێت و وەک جاهیل و هەندێک جار فاشیست لەقەڵەم بدرێت. تۆ لە شوێنێکی کتێبەکەتدا باس لە قەیرانی نووسینی کوردی دەکەیت کە لەجیاتی جۆشدانی بەرهەمهێنان لە بوارە مەعریفییەکاندا، لەجیاتی

قوولکردنەوەی هەستی جوانناسیی لەناخی خوێنەری کورددا، نووسین کراوەتە کاڵایەکی بێبەها و لەبازاڕی حیزب و دەسەڵاتی کوردیدا مامەڵەیەکی سووکی پێوەدەکرێت. بێگومان کۆتایی ئەمە سووکبوونی خودی نووسەرە، بەڵام لەوەش گرنگتر کایەی نووسینە. ئایا تۆ هیچ تروسکاییەک بەدی دەکەیت بۆ گەڕانەوە بۆ نووسین، وەک کردەی جۆشدانی ڕۆحی بەرەنگاربوونەوە و قوولکردنەوەی هەستی جوانناسیی، نووسین وەک کردەی دەربڕین لە ئایدیا نەک برینی تاکە نووسەرێک، یان بۆ ئەبەد نووسینی کوردی مەحکومە بە پەیوەندییەکی هیراکیی نێوان شێخێکی بیمار و دەروێشی سادەگۆ؟

**هەندرێن**: مخابن ئەو دیمەنەی کە تۆ لە ڕۆناکبیر و ڕۆشنبیریی کوردی ئەمڕۆکە نمایشیدەکەی، ڕاستییەکی تراژیدی/کۆمیدییە. بەڵام لەوکاتەی کە ئەمڕۆ ئەو دیمەنە ڕۆشنبیرییەی، کە تۆش بە وردی پەنجەت خستە سەری، کە لە لایەن نووسەرە گەورە و شاگردە "تەرسەقولبێژ"ەکانیانەوە بە مۆدە دەکرێ، ئیتر لەو دۆخە ئیفلیجەدا ئومێدەواربوون بە تێکشکاندنی ئەو "پەیوەندییە هیرارکییە" و بەدیکردنی "تروسکایی"ییەک لە ڕەوتێکی خەملیوی ڕۆشنبیریی کە لە خەمی تووڕهەڵدانی مێشکی ئەو دیاردە ڕۆناکبیرە "شێخ و دەروێشە سادەگۆ" و ئاوەڵاکردنەوەی پانتاییەکی مارفی بێ، مەیلەو سافیلکەییە.

بەڵێ، بەشێکی کتێبەکەی من، لە هەوڵیکی سادەدا، وێناکردنی ئەو دۆخە خەمهێنەرەی نووسەرانی ئەمڕۆی کوردە. کارەسات لێرەدایە، کە لە کوردستاندا تۆ دەمی هەر نووسەرێک بکەیتەوە، جا لە کۆنە بەعسیترین نووسەرەوە بیگرە هەتا دەگاتە ماندوونەساترین نووسەر، خۆی بەغەدر لێکراو، بێبەخت دەزانێ. نووسەری ئەوێ، بەشی هەرە زۆریان، جگە لەوەی کە هەندێکیان زیتر لە دوو "پارچە زەوی" وەرگرتووە و "ڕێزلێنان"ەکەشی مانگانە دابینکردووە، هاوکاتیش بە بیانۆی ئیشکردنییشی لە گۆڤار و مۆڤار و دەزگایەکاندا، "معاش"ەکەی وەردەگرێ، بێئەوەی هیچ ئەرکێکیشی لەو گۆڤار و مۆڤارانە لەسەر شان بێ، کەچی هێشتا نووزە نووزیەتی و خۆی بە پشتگوێخراو دەزانێ. لەوەش کۆمیدیتر، نووسەرێکی زۆر هەن کە وێڕای ئەوەی چەندان کتێبیان بۆ چاپکراوە و پاداشتیشیان لەسەر وەرگرتووە، کە کتێبەکانی زۆرینەیان قرانێکی سووتاو ناکەن، کەچی کە دێنە گۆ دەڵێن، ئێمە لە ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکانی حیزب و میزب، ڕێزمان لێ ناگیرێ. تۆ بڕۆ هەر نووسەرێک لە کوردستاندا بدوێنە، دەبینی بێجگە لە خۆی و ئەو گۆڤار، دەزگای پەخشەی کە وابەستەیەتی یان بەڕێوەبەریەتی، دان بە هیچ نووسەر و دەزگا و چاپەمەنیی و گۆڤار و مۆڤارەکانی تردا نانێ. جا خۆشی لەوەدایە کە هەم خۆیان و هەمیش دەزگای پەخش و گۆڤارەکانیان سەر بە هەمان حیزبن یان لای هەمان حیزب کۆمەکی دەکرێن، کەچی یەکیان دەڵێ، گۆڤار و دەزگای پەخشی "فلان"، حیزبییە، ئەویتریش قسەیەکی لەوە قەباحەتتر دەکا. لێرەدا ئاماژە کردن بەو هەموو نەخۆشییە ئاسان نییە. بەمجۆرە، دە تۆ وەرە سەرت لەو "فیلمی هیندییە" دەربچێ؟!

ئەو ڕاستییانەی کە من هەم لێرە و هەمیش لە کتێبەکەم باسیان دەکەم، نە تیۆریی و نە زادەی خەیاڵاندنی خۆمن، بەڵکو دیاردەگەلێکی تاڵن و ئەمڕۆ لە کوردستاندا زۆر بەربڵاون. پرسیارەکە ئەوەیە، کێ هۆکردی ئەو دیاردە رووخێنەرەیە؟ گەلۆ ئەو دۆخە ڕۆشنبیرییەی کە ئەمڕۆ ئەو نووسەرە "ڕێسێنتمێنت/ناخ کۆیلانە دەمڕاستیینە، دەبێ چتۆ ئەزموونێکی ڕۆشنبیریمان لۆ بەرهەمبێنن؟ وەڵام و شرۆڤەکردنی ئەو پرسیارانە و گۆمانەکانی تر بۆ ئەو نووسەرە "مەزن"انەی ئەمڕۆەکەمان بە جێدەهێڵم، کە هەرچەندە ئەوانیش لە زامنکردنی ئەو "پادداشت" و وەرگرتنە "پارچە عەرد" و مەردە بێبەش نین، لێ لە گریان بۆ بەختی خۆیان فرە ئاگادار نیم.

لێرەدا نابێ یادی مەسعود محەمەدی هێژا فەرامۆشبکەین، کە بە هەموو مانایەک، وێنای ئەو رۆناکبیرە ئیدیالی و ماندوونەناسەی، کە لەمرۆی ژیانی کوردیدا ئامادەیی ونە، بەرجەستە دەکردەوە. هەرچەندە من چەند جار لە کتێبەکەمدا، وەک سلاویک، ستایشێک، جەختم لەسەر ئامادە بوونی ئەو لە زمانی کوردیدا کردووە، لێ ئامادە بوونی وێنای مەسعود محەمەد، وێرای بەشێکی زۆر لە نووسەرە ئاوزە و هاوخەمەکانی وی، کە بە راستی، وەک شێوازێک لە ژیان، لە زمانی کوردیدا ژیان، دەکرێ بکرێتە پێوانەیەک، ئەزموونێکی کارا بۆ ئەو رۆناکبیرەی کە ئێستا زمانی کوردی لە هەموو کاتێک زێتر حەوجەیەتی. مەسعود محەمەد تەرزە بیرکردنەوەیەک بوو، کە پێشتر و ئێستاش وێنەی لە زمانی کوردیدا نییە. ئەو لە روانگەی مرۆڤەوە لە مرۆڤایەتی و مرۆڤی کوردی دەهزری. کەواتە مەسعود محەمەد لە مالی زمانی کوردییدا، شوێنپێی هزرێکی خۆمالی و رەسەنە. ئەو مرۆڤە کوردە، نەک هەر لە زمانی کوردیدا زایەڵەیەکە لە هزراندن، بەڵکو لە زمانی عارەبیشدا دیاردەیەکە. بەمجۆرە ئەو مرۆڤە، تاکە کوردێکە جیهانی دەهزرێ. بەمەش توانی بە خۆی و زمانەکەیەوە بەرەو جیهان بڕوات. لەبۆیە ئەو سۆزەی من بۆ مەسعود محەمد هی هەستێکی وابەستەیی، هاوڕشاریی و برادەرایەتی نییە، کە ئەمرۆ لە نێوەندی نووسینی کوردیدا لە گەشە سەندن دایە و هەمیشەش مجگێز و تەبیاتمان تێکدەدا، بەڵکو ئەو سۆزە لەو رەسەنیی و دانسقەییەی ئەوەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ، کە ئەو بە کتێبە نایاب و بە وەجەکانی، ئەو خودەی سازاندووە. لەوەش زیاتر، ئەو رۆژگارەی کە ئەو مرۆڤە تیایدا ژیانی نووسینی لە هەڕمێندا بوو، مایەی سەرنجدانە. لەبۆیە نەک هەر زمان، شێواز و هزرینەکەی ئەزموونێکە لە نەوازەیی، بەڵکو، بە قرساندن لەگەڵ هەموو نووسەرێکی ئەمرۆی کوردان و بگرە جیهانیش، خودی ژیانەکەشی ئەزموونێکی مەیل ورووژێنەرە. لێرەوە، ئەگەری خوێنەر و نووسەری ئەمرۆ، کە زۆرینەیان، بە هۆی ئەو دۆخە مرێنراوەی رۆشنبیریی کوردی، نە ناوی مەسعود محەمەدیان بیستووە و نە کتێبەکانیشیان خوێندۆتەوە. ئەمەش چونکە ئەمرۆ دەمراستانی رۆشنبیریی لە حیزب مارەکراوی کوردی، وێرای ئەوەی کە سالانە دەیان کتێبی خوێرپلەی نووسەرانی خۆمالی و بیانی چەندان جار لە چاپدەدەنەوە، کەچی کتێبەکانی مەسعود محەمەد، وێرای بەهای گرنگی گەڕانەوەی هەمیشەیی بۆیان، لە کتێبفرۆشییەکانی کوردستاندا دەست ناکەون! لەوەش گەڕێ، کە وێرای ئەو هەموو "رێزلێنان"، "فیستیڤالی یادکردنەوە" و "خەلات"بەخشینە بۆ ئەو نووسەر و ئەم شەهید و ئەو گۆرانیبێژە سەر بەو حیزب و خزمی ئەو نووسەرە بالادەستانەی ئەمرۆ، ئەنجامدەدرێن، وێرای رێزمان بۆ ئەوانەی کە داهێنەر بوون، کەچی زۆریان هی ئەوە نین کە بۆیان دەکرێ، بەلام دەمراستێکی ئەو هەموو "دەزگا رۆشنبیریی"، "گۆڤار" و راگەیاندنە دەم هەراشانەی، کە ئەمرۆ بازرگانی رۆشنبیریی کوردین، کۆڕێک، فیستیڤالێک، یادکردنەوەیەک و ... هتد، لەسەر ئەزموونی ژیان و کتێب و زمانە بە نرخەکەی مەسعود محەمەد و هاونموونەکانی ناکەن. تۆ سەیرەکە، ئەمسال لە یادی 4 سال بەسەر تێپەڕینی مەسعود محەمەد دا، تەنیا کەریم شارەزا، ئەویش **رەنگە** لەبەر خاتری هاوشاریی و چاوناسی بوو بێ، کورتیلە نووسینێکی، لە وێنە ئەو تەرزە نووسیانەی خۆی کە جار و بار لەسەر ژیاننامەی نووسەران دەینووسی، نووسی بوو! ئەرێ ئەو دۆخە زادەی رۆشنبیرییەکی خۆشداکەنەیە، یان مایەی یادەوەرییەکی تالانکراو؟! بەهەمە حاڵ، دیسان دەبێ بڵێم، کە نیگەرانی بوونمان لە درێژبوونەوەی ئەو ئاخاوتنە، ناچارمان دەکا بەو سووکەڵە بەسەر کردنەوەمان لە روحی مەسعود محەمەد، دڵنەواییمان بدەینەوە. بەلام، بۆ ئەوەی خوێنەر بۆ خۆی بڕیاردەر بێ لەسەر ئاستی بەرهەمەکانی مەسعود محەمەد، دەتوانێ سەردانی ئەو ماڵە بکا، کە خەمخۆرانێک بۆ بەرهەمەکانی ویان سازکردووە[3].

---

[3] جێگەی داخە کە ئەو ماڵە ئاوەدانەی کۆمەڵێک مرۆڤی لە خۆبردوو بۆ مەسعود موحەمەد و بەرهەمە لەیادکراوەکانی ئەویان چێ کردبوو، چیتر ئاوادەن نییە. مەزەندە دەکەم کە هۆکاری ئەمەش کەمدەستی دارایی

دیسان دەبێ بڵێم، کە دەبێ بە ڕەواجبوون و قووتبوونەوەی دیاردەی نووسەری "شێخ و دەروێش"، وەک دەرهاوێشتەیەکی ئەو پێکهاتە بە حیزبیکراو و داخراوەی جڤاکی کوردی، لێکبدەیەنەوە، کە بە هۆی گەمارۆدانی ئەو هەموو شەڕە یەک لە دوای یەکانەی کە لە بندەستی رژێمی سەددام و دواجاریش لە ژێر دەستی ئەو دوو حیزبە مەرگ خوازەوە ناخ و ئاگایی وێرانکراوە. لەوەش نەگبەتر، لە دوای روخانی سەددامەوە ئەو دوو حیزبە کوردییە، لە ڕێگای پارەوە رۆشنبیرییان کرد بە کالایەکی بێ روح و نووسەریشیان کردە سواڵکەرێکی خۆشداکەنە. بەمجۆرە لە ئاکامی ئەو وێرانکارییە روحی و ویستکوژە کوردیەدا، حیزبی کوردی ئەو دەمارە خێڵگەراییەی کە لە پێکهاتی کوردیدا رەگئاژۆیە، جۆشدایەوە. لێرەوە بوارێکی لەبار بۆ ئەو چەشنە نووسەرە تووتییەی کە خەونی گەیشتنە بەو پلەیەی کە جێگەی "شیخ" و مەلایەکی هۆقەباز بگرێتەوە. ئیتر کە وێنای "شێخ" و مشایخ لە پێش چاوی کۆمەڵگا بە هەرمێن بوو و لە لایەن حیزبی نەخوێندەواری کوردیشەوە دەستی لە پشتی بدرێ، خۆ هەر هەموو نووسەران نابنە "شێخ"، بەڵکوو بازاڕی "دەروێشایەتی" گەرمدەبێ. بە دیوێکی دیکەوە، وەک هاوردەیەک دەتوانین ئەو دیمەنە رۆشنبیریی و رۆناکبیرە پەڕپووتەی کە تۆ باسیدەکەی، بە وێنەی دێهاتێک بچووێنین، وێڕای ڕێزمان بۆ مەلا و دانیشتوانی دێهات نشینەکان، کە ئەو ژیانە ڕەنگدانەوەی ئاستی سروشتی خۆیانە، کە وەک دەزانین، لە دێهاتدا مەلا رۆڵی دختۆر، بەختناس ، ژن مارە کردن، ڕێنیشاندەری بەهەشت و دۆزەخ، فەلەکناس، نامە نووس و ... هتد، دەگێڕێ. لەبۆیە ئەو بچمە رۆناکبیرە "شێخ و دەروێشانە"ی ئەمڕۆش، کە تۆ لە وتارێکدا بە "تەرسەقولبێژ"([4]) ناوت بردوون، کە هاوردەیەکە خشت بۆیان، لە سایەی حیزبەکانی کوردستانی باشووردا، کە پسپۆڕترین حیزبن لە مێگەلاندنی کۆمەڵگا و نووسەر، هەمان وێنەمان بە یاد دێننەوە. هاوکاتیش تۆ باش دەزانی، کە ئەمڕۆ ئەخلاقی هەلەکسێ، وابەستەیی، هاوکاتیش بە پیرۆزکردن و بە تاپۆکردن، کاراترین روحە لە کۆمەڵگای کوردستاندا. لێ ئەو ئەخلاقە لووتکەی قێزەونەکەی لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە نووسەرگەلێکی زارقەڵەباڵغ، وەک تۆ ئاماژەت پێکرد، کە لە ژێر دەمامک و بانگەشەی وەک "دژە پیرۆزیی"، "دابڕانی مەعریفی"، "عەولەمە"، "ئازادی" و قسەگەلێکی زۆری رازاوەی لەم تەرزە، خۆیان دەناسێنن، کەچی هەر ئەو نووسەرە "شێخ و دەروێش"انەش، بە ستایشەکانیان لەسەر یەکتر و لووسکەییان بۆ خۆ هەڵواسینیان بە چەند ناوی نووسەر، کە لەبەر نەخوێندەوەرای خۆیان بە "گەورە و مەزن" دەیانبینن، بەرهەمهێنانەوەیەکی کارای ئەو هیرارکییە خێڵگەرایی و پیزرۆپەرستییەن، کە حیزبی کوردی قووڵتریان دەکاتەوە.

وێڕای ئەمەش، ئەو رەوتە "شێخ"بازیی و دەروێش"کارییە، کە کایەی رۆشنبیریی ئەمڕۆمانی سووک و چرووک کردووە، کتومت بەردەوامییەکە لەو دۆخە رۆشنبیرییەی کە رژێمی سەددام بەرهەمهێنەرێکی لێزانی بوو.

لە کاتێکدا ئەو نووسەرە "شێخ و دەروێش"ە زارقەڵەباڵغانە دەبێ بزانن، کە ئەمڕۆ لە پانتایی رۆشنبیریی جیهانیشدا، نووسەری "گەورە و مەزن" دەگمەنە و ئەو جۆرە پەسندانانەش زۆر باویان نەماوە. لەوەش زیاتر، "دەروێش"ی ئەو نووسەرە "شێخ"انە، دەبێ لەوە تێبگەن کە ئەگەر خۆیان بە

---

ئەو دۆستانە بووبێت، ئەمەش ڕووڕەشیەکی دیکە زیاد دەکات بۆ ناوچەوانە تەڵخەکەی سەرکردایەتی سیاسی و رۆشنبریی کورد. (بەختیار کەریم). بڕوانە:
http://hem.bredband.net/wermam

[4] بۆ بینینی وتارەکە بڕوانە:
http://www.dengekan.com/doc/2006/7/baxtyarKarim2.pdf

پسپۆڕ دەزانن لە ناسینی ئەو نووسەرە "گەورە و مەزن"ە دەگمانەی کوردی، لێ ئەو زمانە ستایشە بەزەیهێنەرەی ئەوان ریسوا کردنی خۆیان و "شێخ"ەکانیانە. لێرەدا من پێم وایە ئەو دیاردەیە لاساییکردنەوەی کتومتی شێوازی حیزبی کوردییە لە پیاهەڵدان و بە پیرۆزکردنی شەهید و سوومبوولەکانیان. ئەمەش، بە بڕوای من، ئەو شێوازی بە پیرۆزکردنە، دواجار بێتامکردنی وێنای نووسینی نووسەر و پیاهەڵدەرەکەیە، یان "شێخ" و خودی "دەروێش"کانیشە.
لێرەدا دەبێ بڵێم، کە حەز بەوە ناکەم، وەک لە روانبێژی نووسینی کوردیدا باوە، خۆمان وەک تاکە رەخنەگر، تاکە داهێنەری بلیمەتی راستییەکان و تاکە نووسەری "مەزن"ی کوردی، هەڵکێشین. نەخێر، من کاتێک بە راناوی "من" دەپەیڤم، مەبەستم لەو "من منۆکێ" یە نییە کە لە ئاخاوتنی سیاسیی و رۆناکبیریی کوردیدا زاڵە، بەڵکو ئەو "من"ە لە یەککاتدا هەم ئامادەیی ئاگایی خودێکی تاکە و هەمیش ئامادەبوونی کۆمنی ئەوانیترە. کەواتە ئەو ئاستەنگانەی کە دەمانەوێ دەست و پلی خۆمانی پێ گەرم بکەینەوە، هەر تەنیا ئێمە لێیان بە ئاگا نین، بەڵکو کۆمنە بە ئاگایەکانی کوردین. هەر بۆیە، بۆ ئەوەی گەمارۆی ئەو دۆخە قەتیسماوەمان بدەین، دەبێ ئەو "من منۆکێ"یە لە زمانی کوردیدا دابماڵین. چونکە ئەوە ئەو شێوە زمانە من کارایەی کوردییە کە ئەو بە "پیرۆزکردن" و "مەزن"پەرستییە بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەو منەی کوردی، ئەوەندەی هەڵکوت هەڵکوت بە دوای گرتنە دەستی گۆچانی ئەو شوانە دەسەڵاتدارەیە تاکوو بە نۆبەی خۆی لە ژێر دەمامکێکی نوێ لە مێگەلاندنی کۆمەڵ بەردەوام بێ. لێ نەهامەتییەکە لەوەدایە، کە بەشێکی زۆر لەو نووسەرە مێگەلە، کە گوایە خاوەن ئاگاییەکی "گلۆبال" و ماریفەیەکی مەعلانی **باڕاندنی** دەقی کوردین، کەچی بەختەوەرن بەوەی کە کۆیلەدارە سەردارەکەیان، وەک کۆیلەیەکی پەسەندەر قبووڵیان بکات!
لێرەوە مەگەر "قەدەر"ێک بە هانامانەوە بێت و رۆشنبیریی کوردی لە دەست ئەو نووسەرە "شێخ و دەروێش"ە ناخ گوورگانیانە رزگار بکا، ئەگینا لەو ژیانە مێگەلێنراوەی کوردیدا، بەتەما بوونی "تروسکایی"ەک، بەلای کەمی بەمزووانە، لە هاتنی "مەهدی مونتەزیر" مەحاڵترە. چونکە ئەمڕۆ لەو ژیانە کلۆڵەی کە نووسەری کورد سەرمەستە بە دوای دۆزینەوەی درۆیەک تاکوو "ریزلێنان" و مووچە ساختەکەی زیاتر بکا، بەهایەکی ئیدیالی بۆ بیرکردنەوە و مەیلی هزراندنی پرسەکان، نەهێشتۆتەوە.

## (5)

# سنوورەکانی شار وەک سنوورەکانی ڕامان و بیرکردنەوە

"ئەو دەسەڵاتە سیاسی و رۆناکبیرییەی سلێمانی، وەک بەخۆنازینێک، هێندەی لە ئاستێکی رووکەشدا کار لەسەر بە دەڤەرکردن و قەتیسمانی ئەزموونی میرنشینەکانی بابان دەکەن، ئەوەندە کار لەسەر کردنەوە و پەرەپێدانی ناکەن. ئەگەر لە سەدەی نۆزدەدا فەرمانڕەوایەکانی میرینشینی بابان، وەک ماڵێک، بە دروستکردنی شاری سلێمانی یادەوەری بوونی کوردیان، ئاوەڵاکردبێتەوە، کەچی دەسەڵاتی ئەمڕۆ بە داخرانی دەرگای ئەو ماڵەدا سەرقاڵە. ئەگەر بەر لە سەدەیەک زیاتر، شاعیرەکانی ئەو دەڤەرە خەونیان بە گوتاری کوردییەوە بینیبێت، کەچی شاعیرانی ئەمڕۆی شاری سلێمانی گوتاری قەتیسمان دەنووسنەوە."

هەندرێن، (گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا)

بەختیار: ئەگەرچی ناتوانین دیاردەی شارچێتیی بگێڕینەوە بۆ تاقە هۆکار و ڕووداوێکی مێژوویی دیارکراو، بەڵام دەتوانین بڵێین کە شارچێتیی لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا قووڵکرایەوە و، لە سەردەمی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییدا بەرەو ئاقارێکی سامناک ئاراستەکرا. با لێرەدا لە ڕەهەندە سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەی شارچێتی بگەڕێین و زیاتر سەرنجەکانمان ئاراستەی ڕۆڵی ئەو توێژە بکەین کە پێی دەڵێن ڕۆشنبیران. لە کتێبەکەتدا باس لە سەردانێک دەکەیت بۆ دەزگای سەردەم و بینینی "ڕەئوف بێگەرد" (ئەگەر هەڵە نەبم، ئەو چیرۆکنووسەی خەڵاتی باشترین ڕۆماننووسی وەرگرت). لەو سەردانەدا ئەگەرچی بێگەرد دڵنیایە کە تۆ ***لەدایکبوونی هەولێریت***، بەڵام ڕێگە بەخۆی دەدات لەجیاتی ئەوەی باسی دۆخی ڕۆشنبیریی کوردیت لەگەڵدا بکات، نوکتەت لەسەر هەولێرییان بۆ بکات. بێگومان من خۆم وەک کەسێک کە زۆربەی ژیانم لە سلێمانی بەسەربردووە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی هەرزەکاریی نائاشنابووم بە هەموو شتێکی هەولێر، هەندێک جار نوکتەم لەسەر هەولێر کردوە یان بیستوە، نەک بەتەنها هەولێر بەڵکو هەموو ئەو شار و دەڤەرانەی دەکەونە دەرەوەی سنووره وێناکراوەکانی سلێمانییەوە. دەمەوێت بڵێم ئەو دیاردەیە شتێکی باوە و هەموو کەس قبووڵی دەکات. بەڵام بەشێکی زۆری ئەو ڕقەی شارچێتی بەرهەمی هێناوە، زادەی نەزانییەکی قووڵە دەربارەی هەولێر وەک شار و هەولێرییان وەک دانیشتوانی ئەو شارە.

ئایا ئەو لەخۆباییبوونەی سلێمانییان دەربارەی شوناسی خۆیان هەیانە لە ڕۆشنبیریی و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکاندا بەرجەستەکراوەتەوە؟ یان ئەو دیاردەیە شتێکی زۆر ئاساییە وەک لە زۆربەی شار و دەڤەرەکانی جیهاندا هەیە و شایانی تێڕامان نییە؟ ئایا تۆ لەو باوەڕادایت کە وەک چۆن سێلمانی بەدەست قەیرانی هەڵئاوسان و فووکردنە شوناسی خۆیەوە دەناڵێنێت و هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی شەقامی شەست مەتریدا نیشتەجێن، کە سنوورەکانی شار دیاریدەکات، بە نەزان دەزانرێن، بەهەمان شێوە هەولێریش بەدەست نەبوونی شوناسێکی تایبەت بە خۆیەوە گیرۆدەیە؟ ئەدی ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە دارمانی هەموو ئەو پردانەی ئەم دوو شارە کوردییە پێکەوەگرێدەدەن لە چ ئاستێکدایە؟ ئەگەر جاران دیگەڵە سنووری ئەو دوو خێڵنشینە کوردییە بوو، کە یەکتریان و ئێمەیان دەکوشت و ئاوارەدەکرد، ئەمڕۆ سەدان سنووری دیکەی وەهمی لە جێگەیان قووتکراونەتەوە، چی بکەین بۆ سڕینەوەی ئەم سنوورانەی کە بە بڕوای من زیاتر لە هزرماندا بنیاتنراون وەک لە سەر خاکی نیشتیمانەکەمان، بەڵام جەستەی جڤاتی کوردییان هەڵاهەلاکردوە؟

هەندرێن: لە بەراییدا دەخوازم بێژم کە لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییەوە نوکتە کردن، شۆخیکردن و خۆ بە زانا زانینی دانیشتوانی شارەکان لە بەرانبەر شێوازی ئاخەوتن و جووڵە و سروشتی گشتی یەکتردا، دیاردەیەکە هەر لە نێوان هەولێر و سلێمانیدا نییە، بەڵکو لە نێوان زۆرینەی شارە گەورەکان و نێوان وڵاتاندا هەیە. هاوکاتیش ئەو دیاردەیە تەرزە پەیوەندییەکی جڤاکییە؛ واتا ئەو دیاردەیە جۆرێکە لە دەربڕینی مەیلە پێویستییەکانی جڤاکی. بەڵام کاتێک ئەو دیاردەیە جڤاکییە، وەک ئەوەی کە لە دوای فەرمانڕەوایی میرنشینەکانی پارتی و یەکێتییدا، دەترنجدرێتە ناو سیاسەت و دیمەنی ڕۆشنبیریی و دەبێتە بەشێک لە شەڕی سڕینەوەی ڕەهەندی جیاوازی و شێوە ژیانی ئەویتر، ئیتر ئاستی گفتوگۆی شۆخیکردن، کە شتێکی سروشتییە لە مجگێز و چەشەی مرۆڤگەل وەک بوونەوەرێکی جڤاکی، تێدەپەڕێنێ و دەبێتە نەخۆشییەک لە ڕقهەڵگرتنی خەڵکانی نێوان شارەکان. بەمجۆرە، وەک تۆ ئاماژەت پێکرد، لە دوای شەڕی خۆکوژی نێوان ئەو دوو حیزبە کوردییەوە، دیاردەی ئەو نوکتە لەسەر یەکتر کردن و شۆخییانەی نێوان هەولێر و سلێمانی، کە ڕژێمی سەددام هەوڵێکی زۆری دا بۆ قووڵکردنەوەی ئەو دیاردەیە، وەلێ بە هۆی ئاگایی خەڵک لە گەمە ئاشکرایەکانی ڕژێم، نەگەیشتە ئاستی ڕەتکردنەوە و لێکترازانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو شارە. لێ ئەو دیاردەیە دوای

قووتکردنەوەی دوو میرنشینی حیزبی لەو دوو شارەدا، دابڕانێکی روحی، رۆشنبیریی و جڤاکی لە نێوان هەولێر و سلێمانی دروستکرد. لەوەش سامناکتر، ئەو دیاردەیە هەر لە ئاستی خەڵکانی وابەستە و چەکداری ئەو دوو حیزبە نەمایەوە، بەڵکو رۆچووە ناو پێکهاتی کۆمەڵایەتییەوە. لێرەدا لەبەر نەبوونی بوار نامانەوێ ئەو نموونانە نمایشبکەین، کە بە هۆی راوەدوونانی خودی چەکدارە سادە و مەنسوولەکانی پارتی و یەکێتیی لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر، بە پچێچەوانەشەوە، چۆن لە لایەن چەکداران و خەڵکی ئاسایی ئەم شار و ئەو شارەدا، تووشی پێ رابواردن و سووکایەتی پێکردن دەبوون. لەبۆیە ئێستا ئەو دیاردەیە گەیشتۆتە ئاستێک، کە لە کن خەڵکی هەولێردا ، بەتایبەتی چەکدار و لایەنگرانی پارتییەوە، شاری سلێمانی و دانیشتوانەکەی وەک نەتەوە و کۆمەڵگایەکی تر سەیر دەکرێ، بەهەمان شێوەش، خەڵکانێکی زۆری یەکێتیی و بگرە نووسەرە "گەورە و مەزن"کراوەکانی ئەو شارەش، هەولێر و هەولێرییەکان وەک شارێکی ناکوردی؛ ناشار؛ نەخوێندەوار؛ دواکەوتوو دەبینن. لێرەوە ئێمە رووبەڕووی ئەقڵێکی پەرادۆکسالی کۆمیدی/تراژیدی دەبینەوە، کە لە لایەک ئەو نووسەر و سیاسەتکارانە باسی گوتاریی نەتەوایەتی، رەتکردنەوەی بە پیرۆزکردن، کرانەوەی رۆشنبیریی کوردی و ... هتد دەکەن، کەچی هاوکاتیش وەک مێگەلێکی وابەستەکراوی حیزبی لە ئاستی حیزبێکی ناوچەیی و وابەستەیی گەڕەکێک و شارێکدا، گیریان خواردووە. بە کورتی ئەو دیاردە بێزەوەرەی کە لە نێوان ئەو دوو شارەدا هەیە، مەترسییەکەی لەوەدایە کە ئەمڕۆ بەناو رۆناکبیرە "شێخ" و "دەروێش"، "فەیلەسوفە "مەزن" و "شاگرد"ەکانی شاری سلێمانی هێندەی وابەستەی لاسایکردنەوەی زمانی رۆشنبیریی فارسیی و عارەبین، هێندە هەست بە هۆگریی ناکەن لەگەڵ شێوە ئاخاوتنی هەولێر و زاراوەی ژووروو، یان نەریت و خاسڵەتە جیاوازەکانی خەڵک. بە پێچەوانەکەشی، زۆرینەی مەنسوول و رۆشنبیرە دەم هەراشەکانی دەڤەری هەولێر و دهۆک ، ئەوەندەی مجگێزیان لەگەڵ زمانی عارەبی و تورکی؛ لاسایاکردنەوەی هونەر و کولتووری ئەو نەتەوانە، دەکولێ، هێندە لەگەڵ خاسڵەتی خەلک و شێوە پەیڤینی دەڤەری سلێمانی چێژ وەرناگرن.

سەبارەت بەو سەردانەی کە لە کتێبی "گوڵنارەکانی شوێنێ لە باخچەکانی تاراوگەدا" لێی دواوم، پەیوەندی بە خودی کەسایەتی کاک رەوف بێگەردەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بەو دیمەن و بیرۆکانەی کە لەو سەردانەی "دەزگای پەخشی سەردەم"دا، لای من گەلاڵە بوون. ئەمن لە سەرەتای کتێبەکەمدا وتوومە، **کە من ئەو دیمەن، یاد و بیرۆکانە دەچنمەوە، کە نیگای تاراوگەیی من سەرنجکێش دەکەن.** لەبۆیە من پێوانەکارێکی راسپێردراو نیم، کە دەبێ، وەک ئەرک، بۆ نموونە، باسی سەرتاپای ئەو ئیش و کتێبە باش و لایەنە خزمەتگوزارییەکانی "دەزگای پەخشی سەردەم" بکەم. من دەزانم ئەو دەزگا و چاپەمەنییە، وێڕای لەبەرچاوگرتنی چاپکردنی کتێبی باش، وەلێ ناکرێ چاوپۆشی لەو دیاردە نالەبارانەی ئەو دەزگایانە بکەین. بۆ وێنە، بۆ بەڕێوەبەرانی ئەو دەزگایانە زۆرێک لەو کتێبانەی کە چاپیدەکەن، پێوانەی برادەریی، لایەنگیریی حیزبی و ... هتد، بەناوی خزمەتی زمان و کولتووری کوردی، بە خەڵک دەفرۆشن؟ بۆ دەبێ بەڕێوەبەر و سەرپەرشتکارانی ئەو دەزگا و چاپەمەنییانە، چەندان جار و بە شێوەی جۆرا و جۆر کتێبەکانی خۆیان و هاوڕێ و ... چاپکەنەوە و هەرچی بە خۆیان بینووسن و لەسەر خۆیان بنووسرێ، بە زووترین کات چاپی بکەن، کەچی ئەگەر نووسەرێکی گەنج و ناهاوڕێیەکانیشیان بخوازن کتێبێک چاپبکەن، دەبێ بە ساڵ چاوەڕێ بکەن؟ باشە کارمەندانی ئەو دەزگایانە بۆ ئەو هاسانکارییەی کە بۆخۆیان دروستکردووە، کە بە کەیفی خۆیان دەیان کتێب وەردەگێڕن و چاپیدەکەن، کەچی بەشێک لەو داهاتەی کە لە بندەستیانە و بۆ خۆیان مۆنۆپۆلیان کردووە، بۆ کەسانی تر تەرخان ناکەن، تاکوو چەند کتێبێکی باش لە زمانەکانی جیهانییەوە بکەنە کوردی؟ نەکا بڵێن، کەسێک نییە لە خۆمان باشتر وەرگێڕ بێ!

به دڵنیاییەوە دەڵێم، کە من نە کێشەیەکی تایبەتیم لەگەڵ "دەزگای پەخشی سەردەم" هەیە و نە لەگەڵ نووسەرە کارمەندەکانیشی. ویڕای ئەوەش، نابێ ئاماژە بەوە نەکەم، کە ئەو دەزگایە، کتێبێکی چکۆڵەی من، "مەهاباد لە ئۆلۆمپیادەکانی خوادا"([5])، زۆر بە دەست و برد چاپکرد. بەمجۆرە ئەو بەشەی کە تایبەتە بە سەردانی "دەزگای پەخشی سەردەم"، گرێدراوە بە کۆی ئەو تێڕوانینانەی کە من لەسەر وێنای رابردوو و ئێستای ئەو شارەدا ورووژواندوومە. ئەو کارەی منیش بێبەرییە لە کێشەیەکی تایبەتی خۆمەوە، هاوکاتیش من لەو کەسانە نیم، کە روانگەیەکی بەرتەسکی وەک شارچییەتی و پەیوەندی کەسایەتی، بکەمە پێوانە بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتێکی گرنگی لەم چەشنە. ویڕای ئەمەش،من پێش ئەو سەردانەم بۆ "دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی سەردەم"، نە لە نزیکەوە ئەو نووسەرە بەڕێزانەم بینیبوو، نە کێشەیەکی تایبەتیشم لە دوور و نزیکیشەوە لەگەڵیان هەبووە و هەیە. هاوکاتیش حەز دەکەم بە راشکاوی بێژم کە مەبەستی من لەو بەشەی کە لە کتێبی "گوڵنارەکانی شوێنپێ..."دا تایبەتە بە دیمەنی ئەو شارە بەنازە، گلەیی و گازاندەیەکی کەسایەتیانەی من نییە لەو نووسەرە بەڕێزانەی "دەزگای سەردەم" و خودی کاک رەوف بێگەردیش، بەڵکو مەبەستی من جۆرە نمایشکردنێکی ئەو دید و روانینە هەمەڕەنگە مێژوویانە بوو کە لەو سەردانەدا لە زەینم گەڵاڵە بوون، وەک ورووژاندنێکیش، حەزمکرد بەو تێڕامانەوە یادەوەریی ئەو شارە بلاویمنەوە. بە دیوێکی تریش، لە نیگایەکی هزری مێژووییەوە، حەمزکرد گۆڕان، جیاوازیی و ناکۆکییە رۆشنبیریی و سیاسییەکانی نێوان هەنووکە و رابردووی ئەو شارە رووبەڕووی یەکتر بکەمەوە.

وەلێ لەو سەردانەدا منێک، کە یەکەم جارمبوو شاری سلێمانی و ئەو نووسەرانەی "دەزگای سەردەم" ببینێ، کەچی بە هۆی ئەو کەش و هەوایەی کە لە دیداری ئەو دۆستانە هەستم پێکرد، ئەو دەردە کوشندەم بەدیکرد، کە وەک وتمان، لە نێوان هەولێر و سلێمانی بۆتە دیاردە. هەر بۆیە من خۆم بە ئازاد دەزانم لە ژیانێک بدوێم، کە شوێنپێی خۆی لە یادەوەریی مندا هەیە.

لەوەش خەمینتر، کە مرۆڤ لە هەولیرەوە دەچێتە سلێمانی هەر لە بازگەی "دێگەڵە"وە، کە سنووری نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە حیزبییەی ینک و پدک دیاریدەکا، هەتا دەگاتە پەیوەندییەکان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی، پاسەوان و نووسەران، هەستدەکا سەردانی وڵاتێکی دیکە و خەڵکێکی دیکە دەکا؛ واتا لە هیکرا هەست بە بیانی خۆت دەکەی لەو شارەدا. هەڵبەت بە دڵنیاییەوە دەبێ بۆ زۆرێک لە خەڵکی سلێمانیش هەمان هەست دروست بێ. بەڵام ئێمە ئومێدخوازین، کە دوای یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە، کە هێشتا لە راگەیاندندا ماوەتەوە، برینەکانی ئەو لێکدابڕانە سارێژ ببنەوە. لێرەوە کە تۆ هەستت کرد بە دەستی دەسەڵاتی هاوزمانەکانت، شوێن و خەڵکی وڵاتەکەت، لێکدابڕاون، ئیتر تاراوگە بوون لەناو خودی کولتوور و شوێنی خۆتدا تەنگت پێهەڵدەچنێ، بەمجۆرە کارەساتی گوتاریی نەتەوایەتیش دەستپێدەکا. چونکە ئیتر قسە کردن لەسەر بوونی گوتارێکی یەکگرتووی زمان، کولتوور، جڤاک و سیاسی... تەنیا لە ئاستی خەیاڵاندن دەمێنێتەوە.

لەوەش بگوزەرێین، بۆ نموونە سەردانەکەی من بۆ "دەزگای سەردەم" هاوکاتی رووداوە بێزەوەرەکەی "شێخ زانا" بوو، لەو سووکەڵە باسەی کە لە نێوان ئامادە بووانی ناو نووسەرانی "دەزگای سەردەم" هاتە کایەوە، کاک هەڵکەوت عەبدوڵا، کە بە هۆی بەسەر بردنی ژیانێک لە دانمارک، باش دەزانێ کە چۆن پەنابەران بە دەستی دەمارگیریی خەڵکانێکی زۆری وڵاتانی رۆژئاوا دەتلێنەوە، بوونی وەک کەسێکی کارا لەو دەزگایەدا، هەروا تاکە کەسیش بوو کە پێشتر ئاشنای یەکتر بووین و

---

[5] بۆ بینینی ئەم کتێبە، کە بریتییە لە کۆمەڵێک شیعر و چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلیم بەرەکات)دا، لە وەرگێڕان و ئامادەکردنی (هەندرێن) بڕوانە بەشی پەرتووک لە:
http://members.chello.se/handren

له گۆڤارەکەی "یەکگرتن" بابەتم بڵاوکردبۆوە، کەچی کاتێک، کە دەیویست بە جۆرێک ئەو پێشهاتەی شێخ زانا بە دەرهاوێشتەیەک بۆ شوێنگەیەکی تایبەت ببەستێتەوە، بە دەم سەیر کردنی منەوە، دەویست پێشهاتەکەی شێخ زانا وەک تەرزە دیاردەیەک لە هەولێر شیبکاتەوە. لێرەدا بە ***جەختکردنەوە*** دەڵێم، کاتێک کاک هەڵکەوت، کە لە ڕێگای "ریفراندۆم"ەوە زۆری هەوڵدا خواستی دەوڵەتی کوردی بە ئەمریکا و جیهان بناسێنێ، دەیویست پێشهاتەکەی شێخ زانا بە ڕەنگدانەوەیەک لە پێکهاتی هەولێر ببەستێتەوە، کە ***ڕەنگە*** ئاوڕدانەوەکەی لە من دوور بێ لە ئاگاییەکی مەبەستدار؛ واتا ئەوە رامانی منە. لێ وێدەچێ بە هۆی کەڵەکەبوونی یادەوەریی و تێپەڕین و فەرامۆشکردنی ڕووداوە فرەکانی ناو کوردستان بێ هیچ خوێندنەوەیەک، ئەو زۆرێک لەو نووسەرانەی کە خۆشیان بە کۆمەڵناس و لێزانی ماریفەی نوێ دەزانن، دەبێ ئاگایان لەوە نەبێ کە ساڵانێکی زۆر "جوندی ئیسلام"ی سەر بە مەلا کرێکار(لەو دەمەدا، ناوی ئەو هیزە تاریکە تاڵیبان ئاسایەم لە یاد نییە!)، فەرمانڕەوایی بەشێکی زۆری دەڤەری سلێمانییان دەکرد، هەروا خوا هێرشەکەی ئەمریکا و بابە گەورەمان جۆرج بۆش بۆ عەمر درێژ بکا، ئەگینا شاری سلێمانیش، کە کاکە هەڵکەوت و زۆرێک لە هاوڕێکانی پێیان وایە شارێکی مۆدێرنی کوردستانە، لە بن دەستی دەسەڵاتی "جوندی ئیسلام" بوو! هەڵبەتە بە لای زۆرێک لە خەڵکی ئاسایی و نووسەرانیشەوە، وەک خۆم لە دەمیانم بیستووە، ڕووداوەکەی شێخ زانا، بۆ هۆکاری پاشکەوتووانەی خەڵکی هەولێر دەگێڕنەوە. بۆیە مەبەستمە بڵێم، ئەو نزم سەیر کردنە بۆ هەولێر، هەر تەنیا کێشەیەکی تاکەکەسەکان نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوانگە دەمارگیرییەی کە لە زەینی توێژێکی فرەوانی کۆمەڵگای کوردیدا کارایە. ئەو دیاردەیەش، لێرە و لەوێ، لە کۆمەڵی ئێمەدا، خۆی وەک دیاردەیەکی شۆڤینی و ڕەگەزپەرستی بەدیار دەخا. هەر بۆیە ئەو کێشەیە هەر لە نێوان سلێمانی و هەولیردا نییە، بەڵکو پەلی بۆ هەموو ناوچەکانی تریش کێشاوە. بۆ نموونە، لە شاری هەولێر و سلێمانی دەیان ناو و ناتۆرە و نوکتەیان لەسەر ئاوارەکانی گەرمیان و کەرکوک و دەڤەرەکانی تر دروستکردووە. ئایا ئەگەر خەمی گوتاری نەتەوەیی بە ئەرکی خۆمان بزانین، گفتوگۆیەکی ئاوەڵا لەسەر ئەو ئاستەنگە، پێویست نییە؟ ئایا ئەو دیارەیەی نوکتەبازییەی نێوان خەڵکی شارەکانی کوردستان، ڕاستییەکی ڕاشکاو نییە؟ بەهەمەحاڵ، دیسان دەڵێم، مەبەستم لە ئاماژە کردن بە دیاردە و ڕووداوانەی سەرێ، هیچ نیازێکی کەسایەتیانەی لە پشتەوە نییە، بەڵکو مەیلی من هەڵوێست وەرگرتنە لە مەترسی پەرەسەندنی ئەو دیاردە بەرچاوەی نێوان شارەکان. لەبۆیە من پێم وایە، ڕۆناکبیر دەبێ لە ڕوانگەیەکی فرە ڕەهەندییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو جیاوازیانە بکا، کە لە نێوان کولتوور و شێوازی ئاخاوتنی شارەکانی کوردستانەوە هەیە. هەروا دەبێ ئەو جیاوازیانە وەک دیاردەیەکی کارا لە کولتووری کورد فامبکا. چونکە دەکرێ ئەو فرە شێوە ئاخاوتن و کولتوورانەی ناو جەستەی کوردی، هاندەر بن بۆ ڕەنگینکردنی گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی. لەبۆیە بەلای منەوە، ئەرکی ڕۆناکبیران ڕێگەگرتنە لە زیاتر قووڵبوونەوەی ئەو لێکترازانە جڤاکی و کولتووریانەی، کە ئەو دوو حیزبە لە ماوەی ئەو شانزە ساڵەی فەرمانڕەواییاندا بە ڕەفتارە دزێوەکانیان توانیان لە ڕوح و ئاوەزی خەڵکانی نێوان هەردوو شار و دەڤەرەکانی تر بیچێنن. کەواتە بەر لە هەموو کارێک، دەبێ ئەو وەهمە سیاسی و ڕۆشنبیریانە رووتبکرێنەوە، کە لە ئاستی مەنسوولە سیاسیی ڕۆشنبیرییەکاندا، لە ژێر دەمامکی حیزبگەرایی و چەمکگەلی بریقەداریشەوە، بەرهەمدەهێنرێتەوە.

گوتاری نەتەوە لە کردەی زماندا ڕەنگدەداتەوە. بەمجۆرە کاتێک ڕۆناکبیرێک کە لە ڕێگای زارقەڵەباڵغی زاراوەگەلی نوێباوەوە بەشداریدەکا لە دیاردەی کولتووری شارچییەتی، دەبێ دێوجامە چاوەشەکارەکەی توورهەڵبدرێ . چونکە ئەو تەرزە کەسانە کە بە هۆی ئەو زاراوەگەلە لەناو خەڵکانی سادە و بگرە خۆ بەخوێندەوار زانە نەخوێندەوارەکانیش بە هەرمێن دەبن، دواجار زمانی نووسین چلکن دەکەن و بەمەش ئاستەنگەکانی ڕۆشنبیریی قەتیسماو تر دەکەن. لێرەوە ئەو چەشنە نووسەرە،

کتومت بەو مەنسوولانە دەچن، کە خۆیان گەندەڵ و سیاسیی بازرگانن، کەچی لەبەرانبەر خەڵکدا وەک پاڵەوانێک لە کێشەی لەناوبردنی دیاردەی گەندەڵی، نادادپەروەریی، کوردایەتی، یەکێتی و... هتد دەدوێن. بەهەمە حاڵ، لێرەدا لەوە زێتر بواری رۆچوونە ناو ئەو بابەتە شاگرنگەمان نییە.

لێ سەبارەت بە "قەیرانی هەڵئاوسان و فووکردنە شوناس"ی شاری سلێمانی و هەولێر، بە کوردی و کورتی، من وادەبینم، کە دوای هەڵگیرساندنی شەڕی خۆکوژییەوە، هەولێر، بە هۆی ئاو پێکهاتە ئاڵۆز و هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە، کرا بە قوربانی و جەستەکەشی لە نێوان پارتی، یەکێتی، ئیسلامییەکان، تورکمان و ئەو خێڵانەی کە کۆنە جاش بوون و لەناو ئەو حیزبانە قەیدکرانەوە، دابەشکرا. کەچی سلێمانی، بەهۆی باری جوگرافی، مێژوویی و قوورسایی تاکە پێکهاتەی نەتەوەیی و حیزبییەوە، بەختی لە وێرانبوونی بە دەست ئەو ململانێیە حیزبییە باشتر بوو. وەکوو تر، ئەو جیاوازەییەی کە لە سلێمانی دا هەیە لە دیاردەیەکی رووکەشی پفکراو زێدەتر هیچی تر نییە. سەرتاپای شارەکانی کوردستان لە کۆمەڵێ گرفت دەتلێنەوە، کە سەرەکیترین ئاستەنگن لە هەناوی جڤاکی کوردیدا. وێڕای ئەوەی کە سیمای شاری کوردی ئەمڕۆ تەنیا بە بچمی زبری نێرسالاری داگیرکراوە. هاوکاتیش هەولێر و سلێمانی وەک پێشانگایەکی بێسەر و بەری ترومبێل و جرت و فرتی ماشین و بارەگای حیزبی دەچن، رووخساریشیان بەو شێوازە تەلارسازییە بە بازاڕکراوەی کە ئەمڕۆ کۆمپانیا بازرگانەکانی تورکان لە ڕیگای بازرگانە سیاسییەکانی کوردەوە، وێرانکراوە. هاوکاتیش دار و دیوارەکانی شار بە ریکلامی تەلەفۆن و نووسینی پووچ بێزەوەر کراوە. هەرچی دیمەن و رەنگی خۆماڵی و هارمۆنیی خانوو، شەقام و دار و دیواری شارەکانە، خەریکە مەحف دەبنەوە. لەبۆیە ئەو قەیرانەی، کە تۆ لەمەڕ هەردوو شار ئاماژەی پێدەکەی، ئەوە قەیرانێکە لە بنەڕەتدا لە ئاوەز و پێکهاتی گوتاریی رۆشنبیریی و سیاسیی ئەمڕۆی ئێمەدا رەگئاژۆیە، نەک تەنیا خودی شووناسی ئەو شارانەوە. کاتێک حیزبی کوردی پاش شانزە ساڵ لە خاوەن دەسەڵاتی خۆی و هاوکاتیش بانگەشە کردنە زۆرەکانی بۆ "حوکمەتێکی مەدەنی و کۆمەڵگایەکی مەدەنی تاقانە"، کەچی نەک هەر نەیتوانیبێ زمانی پەروەردە و پەیوەندییەکانی نێوان جەستە و روحی شارەکان و ... هتد دابڕێژی و بە ستاندار بکا، بەڵکو بنەما جڤاکییە سروشتییەکانی پێشووی نێوان ئەو دوو شارەشی وێرانکردبێ، ئیتر نەک هەر سلێمانی و هەولێر لە قەیرانی هەڵئاوسانی شووناس دەناڵێنێن، بەڵکو سەرتاپای ژیانی کوردییش بە دەست ئەو وێرانکارییەی، کە لە ئاستی دەرەکی و ناوەکی لە ئارادایە، دەتلێتەوە؟

لە کۆتاییدا، ئەرکی رۆناکبیر ئەوەیە، کە وەک سەرەتایەک، دەست بەو وردە دەمارە جڤاکی و کولتووریانەی نێوان شار و دەڤەرە لێکدابڕێنراوەکانی کوردستانەوە بگرێ، کە بە هۆی هاوچارەنووسییەک و هاوخوێنییەکی زگماکییەوە، هێشتا ویستی سۆزێکی نەتەوایەتیان تێدا ماوە. هاودەمیش بە ئاگاییەک لە خەمی ئایندە، کار لەسەر خەملاندن و وزە بە بەردانەوەی ئەو دەمارە زیندووانە و پەیوەندییە جڤاکییانە بکا، کە بە هۆی رقی حیزبی و کوشت و کوشتاری نێوان حیزب و خێڵەکان و ... هتد، چاوەشەکراوە. دواجاریش بە جەختکردنەوە دەڵێم، کە ئەمڕۆ پێویستە رۆناکبیری کورد ئەو پەرادۆکس و ئاڵۆزیانەی کە ناخ و مێشکی تەنیوەتەوە لە ڕێگای گفتوگۆیەکی کراوەوە چارەسەر بکا، نەک هەر لە مەجلیسی هاورێیەکانیدا بیاندرکێنێ و لە ئاستی نووسین و رووبەڕووبوونەوەش لەگەڵ کۆمەڵ، خۆی وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی و رۆشنبیریی نمایشبکا. لەبۆیە ئاستی رۆناکبیری کورد دەبێ لە روانگە جیاوازەکانەوە بە ئاوەڵایی قسە لەسەر ئەو ئاستانگانەی کە هەتا دێ قووڵتر دەبنەوە بکا. چونکە یەکێک لەو هۆکردانەی کە بۆتە کۆمەکی ئەو قەتیسمانەی کۆمەڵگای ئێمە، لەو روحە داخراوەی کۆمەڵگا و رۆناکبیری کوردەوە ئاو دەخواتەوە. ئەوە گفتوگۆی بەڵگەدارە کە وادەکا بڕوا ونەریتە چەقبەستووەکانی کۆمەڵ شل بێتەوە و وەرچەرخێن.

## (6)

# سی و یەکی ئاب و "شاری خەونزڕاوەکان"

"مرۆڤ کاتێک لەگەڵ بیانییەک لەسەر ناسنامەی نەتەوەکەی دەدوێت، بە ئاسانی هەست بەو ئاستەنگانە دەکا، کە تەنیا گوتارێکی تۆکمەی بیرکردنەوەیە کە دەتوانێت، کونە گەورەکانی ئەو ناسنامەیە چارەسەر بکات."

هەندرێن،(گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا)

بەختیار: با هەر لەگەڵ هەولێردا بمێنینەوە، لەگەڵ ئەو شارەی دەروازەکانی بۆ هەموو گەڕیدەیەک لەسەر پشتە (مەگەر دەسەڵاتی پارتی ئەو بەها ناوازەیەی هەولێریشی وەک هەموو بەهاکانی دیکە تاڵان کردبێت)، بەڵام پرسیارێکی جیاوازتر بکەین کە زیاتر پەیوەستە بە شارەوە وەک کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسییانەی جڤاتێکی دیاریکراو. ئەمەش دەمانباتەوە بۆ ئەو ڕۆژە ڕەشەی کە تۆ لە سەرەتای کتێبەکەتدا ئاماژەی پێدەدەیت: ***سیویەکی ئاب***، بەڕاست چ ڕۆژێکی مێژوویی و گرنگە کە ئێمە تا هەنووکە ئاوڕمان لێنەداوەتەوە، بێگومان تاوانی ئەم ئاوڕنەدانەوەیەش لە ئەستۆی ئەو ڕۆشنبیرانەدایە کە وەکی یەکانە توانای ئاوڕدانەوەیان نییە و لە ترسی ژیانی نەگریسی خۆیان بە هەورازی شەرمدا هەڵتەک هەڵتەک هەڵدەزنێن. ئایا ئەو رووت و ڕەجاڵیەی هەولێر کە تۆ لە کتێبەکەتدا باسی دەکەیت، ئەو سیمایەی هەولێر بۆ تۆی تاراوگەبوو کە پاش دوو دەیە دەگەڕێیتەوە هەمان شاری زێدی منداڵیت و وەکی شارەکی "تاڵانکراو" خۆیت لۆ نمایش دەکات، سەرەتاکەی سی و یەکی ئابە یان لەوەش کەونترە؟ بێگومان شایەرە زارقەرەباڵغەکانی حیزب و پاڵەوانی ڤیستیڤاڵەکانی جەهل، بۆ نیشاندانی ڕووی ئاوەدانی هەولێر یان سلێمانی ئاماژە بۆ "شاری خەونەکان" دەکەن، یان بۆ ئەو باخچە نازدارانەی کە تەنها منداڵی بەرپرسە ورگ بۆگەنەکان بۆیان هەیە گەمەی تێدابکەن، بەڵام وەک تۆ لە کتێبەکەتدا باسی دەکەیت: کە هەولێر هێشتا شاری سوپای منداڵە سبوغچی و حەمباڵەکانە، ئیتر شاری خەونەکان دەبێتە درۆیەک بۆ دڵنەواییدانەوەی ئەو سەرکردانەی لەبەر ورگی بە گەندەڵیی هەڵئاوساویان چاویان ئەو ڕاستییە زۆر ساکارانەی سەر "شەقامە بێشۆستەکانی هەولێر" نابینن.

ئەم ساڵ یادی تێپەڕبوونی دە ساڵە بەسەر کارەساتی شەرمهێنی سیویەکی ئابدا. چۆن لە دەرەوەی گەمەکانی پارتی و یەکێتیدا لە سیویەکی ئاب ڕابمێنین؟ ئەگەر بڕیارە ڕابردووی خوێناوی براکوژی و خۆکوژی تێپەڕێنین، چۆن دەکرێت بە لەبیربردنەوەی کارەساتێکی مێژوویی و ناوازەی وەک سیویەکی ئاب ئەو کارە بکەین؟ ئایا دەکرێت لە نێو کۆی ئەو یادەوەرییە تاڵانکراوەدا، "شەبەنگێک لە مانا" بۆ کارەساتە گەورەکانی وەک سیویەکی ئاب بدۆزینەوە، یان بە کردنی ئەو کارە لە ئاگردانەکانی دەسەڵاتی ستەمکاری کوردیدا "دەسوتێین"؟

هەندرێن: ڕاستییەکەی لێدوان لە قافڵە و تەپ و تۆزە تەڵخەکانی دواوەی ئەو بابەتەی کە تۆ دەیوورووژێنی؛ واتا یادوەرییە "تاڵانکراو"ەکانی منداری و لاویەتی من لە هەولێر، شوێنپێی سی و یەکی ئاب و دیمەنی شێوێنراوی ڕووخساری تەلار و ژیانی هەولێر، وێڕای هاتوهاواری خەفەتهێنەری ئەو مێدیایە سەقەتەی حیزبی حاکم بۆ ***"شاری خەونزڕاوەکان"*** نەک ***"شاری

***خەونەکان***"، ئەستەمە پەیڤەکان لە گفتوگۆیەکی ئەوهادا بتوانن فەرامۆشییەک، ئاشتبوونەوەیەک بەو لێکترزانە روحیانە ببەخشن. ئەمن لە کتێبی "گوڵنارەکانی شوێنپی..."دا لە چرایەتییەکی لێکترازاو، وەک یادەوەرییەکانی من و هەولێر، ئەو دەردە کوشندانەی کە ناخی هەولێریان دەغەزار کردووە، نمایشکردووە. بەڵام نەگبەتییەکانی هەولێر لەو شانزە ساڵەدا، بە دەست تاڵانکاری شەڕی خۆخۆری حیزب و کردنی بە بازاڕێکی سیاسی لە نێوان گرووپە رەگەزیی و سیاسییەکان و گوندگەلێک بۆ هۆزەکان... هتد، لەوەش زیاترە کە لەو کتێبە و لەم گفتوگۆیەشدا باسیدەکەین. هەرچۆنێک بێت، بەلای منەوە، دوور لە هەموو روانگەیەکی ئایدۆلۆگی و وابەستەیی و ... هتد، کارەساتی پێشهاتی سی و یەکی ئاب، چرکە ساتێکە کە لەوێوەڕا حیزبی کوردی وەک چەتەگەلێک گەمارۆ دەدرێ، ئیتر بە شایەدحاڵی سەرتاپای هەموو توێژەکانی کوردییەوە، لە پێناو مانەوەی خۆی، ملی خەونی کورد، ملی جەستەی کورد و خاکە ئەنفالکراوەکەی و گوتارە نەتەواتییەکەی، وەک جوانەگایەک، لە پێش داوەتکردنی رژێمی سەددام، سەردەبڕێ و دەرخواردی چەتە ئەنفالچییەکانی بەعسی دەدا. لێرەوە دەبێ واز لەوە بێنین، کە سی و یەکی ئاب وەک پێشهاتێکی شەرم هێنەر، یان هەڵەیەکی ناچارکراو، سەیر بکەین، بەڵکو، بۆ ئەوەی ئاسۆیەکی بیرکردنەوە لەبۆ خۆمان بدۆزینەوە، دەبێ وەک دۆڕانێک، کە لەوێدا دەمڕاستی کورد لە یارییەکی چارەنووس سازدا، بە مێشکە خێڵەکییە کارایەکەی، نەک هەر خودی حیزبەکەی رازی بوو دەستە و داوێنی کۆیلەدارەکەی بێ و بە ***بەڵێ یەکی بەرزەگۆ*** کۆیلەبوونی قبووڵبکا، بەڵکو تەواوی یادەوەریی کوردانیشی بە تاڵان برد و کردیە سەدەقەی ئەو کارەستاتە. لێرەوە کارەساتە جەرگبڕەکە لەوەدا شوومتر دەبێتەوە، کە مەنسوولە چەتەکانی ئەو حیزبە لە مەجلیسەکانی نێوان خۆیان و شەڕەملێی سەر زارەکییەکانی نێوان حیزبە دژەکانیان و خەڵکاندا، سی و یەکی ئاب وەک پاڵەوانییەکی پارتی باسدەکەن: جارێک دەڵێن، پارتی لە سایەی سی و یەکی ئابدا، نەک هەر هەولێری لە " پاسداران و ریشداران"ی ئیسلامی و ئێرانی رزگار کرد، بەڵکو سەرتاپای کوردستانیشی ئازاد کرد. جارێکی تر دەڵێن، سی و یەکی ئاب "موئامەرە"یەکی نێونەتەوەیی و بەرەنجامی گەمەیەکی نێوان ئەمریکا و ئێران و ئێراق بوو. لەوەش مەتەڵاویتر، مەنسوول و هەڵەپاسەکانی سەر بە پارتی دەڵێن، پارتی زۆر "ئاقڵانە"، بۆ ئەوەی کورد لە رژێمی ئێران و هەڕەشەی دوژمنان رزگار بکا، سەربازەکانی رژێمی سەددامی بە پارەیەکی ماقووڵی داهاتی "ئیبراهیم خەلیل" و دەستکەوتەکانی تر، بە کرێ گرت. ئیتر تۆ سەیرکە ئەگەر پارتی و یەکێتی لەوە دڵنیا نەبن، کە نووسەرە دەم هەراشەکانی کۆمەڵگای کوردی ماڵی مێگەڵن، کوو بەو حیکایەتە خورافیانە دەتوانن ئەو کارەساتە بەو قورە خوساوە ماڵنج بکەن؟! بۆیە دەبێ واز لەوە بێنین کە ئەوە رووداوێکی شەرمهێنەرە، چونکە دواجار شەرم رێگەمان لەبەردەم بیرکردنەوە دادەخا و بەمەش ناچار دەبین لە بێدەنگییدا خۆمان بخۆینەوە. ئەمەش کوشتنی بیرکردنەوەیە.

لێرەوە دەبێ بزانین، کە ئەوەی بەو دابڕانە روخێنەرە گوتاری کوردی خەتم دەکا، تەنیا پارتی نییە، بەڵکو پارتی و یەکێتیی شانبەشان بەشێوەیەکی سەرەکی و سەرتاپای نووسەرانی کورد و حیزبۆکەکانی تریش بە کارایی، لەو بە "تاڵانبردنەی شەرەفی کورد" بەشداریدەکەن. لەبۆیە، وەک زۆرێک پێیان وایە یەکێتی حیزبێکی جودایە و ناماقووڵی ئەوها ناکا، لە کن من، ئەو بانگەشەیە، بێجگە لە چاوەشەکاری و بە مێگەلزانینی کورد، هیچ مانایەکی تری نییە. کەواتە ئەگەر کورد خۆی بە نەتەوەیەکی **پێگەیشتوو** و خاوەن **کۆئاگایەکی رۆشنبیریی** نەتەوەیی دەزانێ، دەبێ بە تاڵانبردنی ئەو یادەوەرییە، بە لە دەستدانی "**شەرەف**"ی خۆی بزانیبووایە/بزانێ، نەک زیاندەی مێینەی کیژانی.

لێرەوە کە من هەوڵمدا لە روانگەی نەخشەکارییەکی "مێژووی هزری"یانەوە، ئەو دیمەنگەلە لە پرۆسەی گۆڕان و پێشهاتەکانی دوێنێی کورد، نمایشبکەم، کە دەکرێ، وەک سەرچاوەی بابەتگەلێک، دەیان لێکۆڵینەوە و راڤەی کۆمەڵناسی، مێژووی هزریی، زانستی سیاسیی... هتد، لەسەر بکرێ. ئەم

ئەرکەش دەکەوێتە سەر شانی بەشە مرۆڤایەتییەکانی زانینگایەکانی کوردستان، کە مخابن سەرمان لێتک نەچووە ئەگەر بڵێین، لەو بوارانەدا جێگەی بەزەیین، یانیش ئەرکی ئەو نووسەرانەیە، کە دەمراستە رۆشنبیرییەکانی ئەو دوو حیزبە، لە نەخشەیاندایە، یان قەول وایە، لە پێناوی فراژاندنی زمان و کولتووری کوردیمان و بەرهەمدار کردنی ژیانیان، وەک پسپۆران، بە "معاش"ێکی باشەیشەوە زۆرینەیان "تەفریغ و تەفریح" بکەن. با بزانین ئەو نەخشەیە دواهاتووی کوو دەبێ. لێ ئەو مێژووە پڕ لە قەومانەی دوای راپەڕینە ویستگەرایەکەی 1991ی کوردستان، کە ئەو پرۆسەی ئاماژەم پێکرد، هەڵیلووشی، چاوەڕێی خوێندنەوە و رەخنەگەلێکی "زانستی"ین، نەک "زیقە زیق"انەیی!

هەرچۆنێک بێت، وێرای خەنی خۆشیمان بە نێوان خۆشی ئەو دوو حیزبە و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی کۆمەڵگایە فرە درەنگەکەشیان، کەچی دەبینین کوو وەک ئەوەی نە با_ یان دیبێ و نەباران لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، وەک هەمیشە بۆ پێرابواردنی مێگەل، ئەو رێککەوتنە وەک پیاوچاکییەک لەبۆ خاتری کوردایەتی، دەفرۆشنەوە. لێرەوە لەو سەوداکاریی و هەراجکردنەی گوتاری کوردیدا، کایەی ئەو تەرزە رۆناکبیرانەی کە لەبۆ نەخوێندەواران "شێخی شێخانی قەڵەمی مۆدێرنی کوردین" بایی قرانێکی سووتاو ناکا. ئەوەتا هەنووکە دەبینین ئەو دختۆر و فەیلەسوفە "پۆست" جاش و بەعسیانە و "پۆست مەزن" و پۆستگەلەکانی کوردان، لە دوای زیاتر قەبەکردنی "رێزلێنان" و "یادداشت"ەکانیان لە لایەن ئەو دوو حیزبەوە، کوو لە مێدیایە فیلمی هێندییە ئاسایەکانی ئەوانەوە، خۆیان گێف دەکەنەوە. ئەگەر ئەوە حاڵی کوردان بێ، ئاخر بە تەمای چی بین کە لەو پانتاییە بە بازاڕکراوەدا رووبدا؟

لە بۆ زانینیش، ئەو بەتاڵانبردنەی یادەوەریی ئەنفالکراوی کورد، تەنیا لە سی و یەکی ئابدا دەستپێناکا، بەڵکو هەر لە لەو کاتەوە دەستپێدەکا، کە حیزبی کوردی بە یەکەم تەقەی شەڕی خۆکوژی، ژیانی لە روحی راپەڕینی مەزنی 1991 خامۆشکرد و دواجاریش ئەو حیزبانە وەک مافیایەکی نەزان دەستیانکرد بە تاڵانکردنی کەل و پەل، تێلی کارەبا، ماشێن و هەرچی مولکی کۆمەڵگا و فرۆشتنیان بە ئێران، تورکیا و عیراق. بەمجۆرە کۆمەڵگا بە رووت و قووتی لەو گۆڕەی مایەوە و چەتەکانی حیزبیش گومرگەکانیان کردە بازاڕی قوماربازی. لەوەش کارەساتر، لە پێناوی باڵادەستبوونی تاکڕەوانەی خۆیان بەسەر ئەو گومرگ و دەسەڵاتە مردۆخە، دەستیانکرد بە راکێشانی "میت و جەندرمە" و "ئێتیلاعات و پاسدار"انی تورکیا و ئێران. ئیتر لەوێوە گەندەڵی هێد هێدی بەناو یادەوەریی کوردیدا تەشەنەی کرد. بەدەم ئەو دارمانە ئێتکی و ویژدانییە نەتەوایەتییەوە، هەرچی ئەقڵ و ئاوەزە لە بیرکردنەوەی حیزب و کۆمەڵگای کوردیدا، ئیفلیجکراو و ویستێکی رۆناکی تیادا نامایەوە. وێرای ئەوانەش، هاتنە گۆڕێی بەرنامەی "خۆراک بەرانبەر نەوت" لە لایەن کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کوردی بەرەو روحێکی سواڵکەریی، دزی و کۆیلەیی هاندا. لەو دۆخە بە برسییەتە گەمارۆدراوەدا، چەندان خاو خێزانی کوردی ناو هەولێر و دەوروبەری، تەنانەت ئەندام و کادیرانی خودی حیزبە کوردییەکانیش، لە پێناوی سواڵکەریی بۆ پارە و خواراک، تەسلیمی ئەو حیزبە تورکمانانە بوون و حاشایان لە کورد بوونی خۆیان کرد، کە تورکیا وەک سیخوڕ پشتیوانی ماڵی و سیاسییانی دەکرد. تورکمانە. ئەوە بابەتێکی زۆر گرنگە، کەچی لە بواری رۆشنبیریی و سیاسی کوردیدا هەر باسیشی ناکرێ. لە ئاکامی ئەو هەرەسە نەتەوایەتیی و ناوەکیەی کۆمەڵگای کوردیدا، نە مانایەک بۆ ئەو ویژدانەی کە کورد خاوەنی بوو مایەوە، نە رێزێک بۆ بەژن و باڵای پێشمەرگایەتی مایەوە. شەهید کرا بە بازاڕ لە ژیانی کوردیدا. رەهەندی قوربانی و دڵسۆزی، کە پێشتر مانای کوردایەتی بوون، کران بە گەڵتەجاڕیی. لە ئاکامی تاڵانکردنی ئەو یادەوەرییەدا، سەرۆک جاش بە گەڕانەکانیانەوە لای حیزب بوونە میراتگری پێشمەرگە، شەهید و خەباتگێڕ. کۆنە بەعسی بوو بە پسپۆڕی کوردایەتی و پاڵەوانی شەڕی کوردکوژی... هتد.

بۆ رۆشنکردنەوەش، دەبێ بڵێم، کە ئەو تێکشکانە ناوەکیی و نائامادەییەی ئەقڵ لە ژیانی کورد و حیزبەکانیدا، دەگەڕێتەوە بۆ کارایی ئەو پێکهاتە خێڵگەراییەی کە هەر لە بەراییەوە فاکتەرێکی کارا بووە لە بزواندنی رەوتی سیاسیی و رۆشنبیریی کوردیدا. لێرەوە تێدەگەین، کە ئەوەی دەتوانێ لە ئەزموون وەرگرتن و رێگەگرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەو نەهامەتییە رزگارمان بکات، تەنیا گەڕانەوەیە بۆ بیرکردنەوەیەکی ئاوەزیی و گفتوگۆیەکی کراوەی هاوبەشانە لە نێوان رەنگ و دەنگە جیاوازەکانی جڤاکی کوردیدا. لێرەدا بۆ سەر لە دوونانی ئەو باسە، بێنێکی درێژمان گەرەکە.
دیسان دووبارەی دەکەمەوە، کە من هەوڵمدا لەروانگەیەکی مێژووی هزرییانەوە، ئەو دۆخە سیاسیی و جڤاکییەی کورد، کە ئاکامگیرییەکە لە پرۆسەی ئەو پاشخانەی بزاڤی رۆشنبیریی و سیاسیی کورد، نمایشبکەم، شایەنی ئەوەیە، وەک ئەزموونێک، لە روانگەی جیاوازەوە چەندان خوێندنەوەی لەسەر بکرێ.
مخابنی و سکتبوون لەو یادەوەرییە تاڵەی کورد لەوەدایە، کە خودی ئەو دوو حیزبەش پێناچێ بیانەوێ سوودێک لەو ئەزموونە شەرەفبەرە وەربگرن، کە هەر خودی ئەو لاملییە لە دژە بیرکردنەوەی ئەوانیش بوو کە شەڕی خۆکوژی خۆیان، بە هێنانی پاسداری ئێرانی و سەربازی چەکمە رەشی سەددام، خەتم کرد. ئیتر هەنووکەش بەردەوام بوونی ئەو دوو حیزبە لەسەر ئەو دەمبەستکردنەی مرۆی کورد لە بەرانبەر ئەو پێشهاتە تاڵانکارە، دەکرێ هەمان ئەزموونی پەڕپووتانە دووبارە بکانەوە.
بەهەمە حاڵ، ئەوەی من لێرە لەو گفتوگۆیە بە لەزەدا دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە دەبێ رۆناکبیر و سیاسەتکاری کورد، چیتر لە روانگەی لایەنگیرانەی حیزبەکەی و شارچییەتییەکەی و رقهەڵگرییەکەیەوە لەو کارەساتە دمۆرەی سی و یەکی ئاب نەڕوانێ، بەڵکو لە روانگەیەکی فرە رەهەندەوە، وەک بەرپرسیارییەکی ئێتیکی نەتەوایەتیانە، بەشێوەیەکی ئاوەڵا، لە کۆی ئەو ناکۆکییەی کە ئەو ئەزموونە شەرەفبەرەی بەرهەمهێنا، بپەیڤێ و بهزرێ. لێ بەڵی ئایا ئەو ویستگەراییە، بە واتای نیتشەییانە، ئەو "بەڵێیە بۆ ژیان" لەو روحە بە کۆیلەکراوەی نووسەر و مەنسوولانی سیاسی و ناوەندی مێدیای کوردیدا، کە هەرچەندە درۆیەکی گەورە دەکەین، کە ئەگەر بەو مێدیایەی ئەمرۆ بێژین مێدیای کوردان، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ، کە بە مەیلێک لە ئاییندەخوازی، لەو دەمبەستکراویەی راسێ و بە خوێندنەوەگەلێکی ویستگەرایانەوە ئەو یادەوەرییە گەمارۆ بدا؟ لە کن من، هەتا "ئەو بایە لەو کوونە بێ"؛ واتا هەتا "شاری خەونەکان"، "رێزلێنان"، "پادداشت" و "مووچەوەرگرتن" لەبەرانبەر هیچ کارێک" خەونی کۆمەڵگای بە مێگەلکراو و نووسەرانی مێشک "تەقاویترکراو" بێت، ئەو ویستگەراییە بۆ راسان لەو بەتاڵانبردنەی یادەوەری و باوەشکردنە بە ژیانێکی دادپەوەرانە، تەنیا خەونێکە و قەدەرەکەشی مەگەر "خدری زیندە" هەڵیبێنێ. هەر بۆیە لەو دۆخە ئاڵۆزکاوەدا، "شاری خەونەکان"یش بەشێکە لەو پرۆژانەی کە حیزبی کوردی مەبەستیەتی بە فریودانی خەونی ئەو شارە خەیاڵییەوە خەڵکی هەژاری کورد "خەوزڕاو" بکا.

## (7)

# زانکۆ وێنایەک لە دەسەڵاتی ماریفەیەکی کارا، یان سێبەری بارەگای حیزب؟

"ئەمرۆ زانکۆی کوردی، کە گوایە سەرچاوەی زانست و ئاسۆیە نوییەکانی رۆشنبیرین، کەچی، نەک هەر بوونەتە شوێنێک بۆ بێئومێدکردن و دەمکوتکردنی لاوان، بەڵکو ئەو زانکۆیانە بوونەتە سەرچاوەیەکی چالاک بۆ پەروەردەکردنی ساختەچی و پیاوکوژان."
هەندرێن، (گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا)

بەختیار: دەشێت تێرامان لە زانکۆکانی کوردستان بۆ ئێمە لەم دوورەوە کارێکی هێند ئاسان نەبێت. بەڵام ئەوەی سەرنجی من ڕادەکێشێت، ناوبەناو یەکێک لەو مامۆستایانەی زانکۆ خۆیمان لێدەکات بەو فریادڕەسەی کە هاتوە دەست بداتە باڵی پێکراوی زانکۆکانی کوردستان و لە قوڕاوی حیزب دەریبهێنێت، لەکاتێکدا ئەم مامۆستایانە خۆیان بەشێکن لە کێشەکە. من ئاگادارم چوونەوەی تۆ بۆ کوردستان هاوشانی ئومێدی دێرینی تۆ بوو بۆ مانەوە و وانەگووتنەوە لە زانکۆدا، بەڵام وەک لە کتێبەکەتدا ئاماژەی پێدەدەیت و ترس و فیغان لە هەناوی من و ئەوانەدا دەچێنیت کە خولیای گەڕانەوەیان هەیە بۆ وڵات، کارکردن لە زانکۆکانی کوردستان هاوشێوەی کارکردنە بۆ دەزگایەکی حیزبی. با لێرەدا سەرنجەکانمان ئاراستەی بەدبەختییەکانی ئەو لاوانە بکەین کە لەو زانکۆیانە و لەبەردەستی مامۆستاگەلێکی وەک (ئەڵوەند دزەیی)دا خوێندن تەواودەکەن. لەم جۆرە لە زانکۆدا وەک هەر کام لە زانکۆکانی دیکەی وڵاتە تۆتالیتارەکان، خوێندکار سەربازە و مامۆستا ئەفسەر و جەلاد. خونێدکار چی فێردەبێت لەژێر چاودێری مامۆستایەکدا کە پێیوایە عەقڵ لە بۆیناخێکی قەڵبدا، کە وەک زمانەگا بە بەرۆکتدا شۆڕبووبێتەوە، بەرجەستەدەبێتەوە؟ پاشان ئەو دوو فاقیەی مامۆستایانی زانکۆ چۆن ببینین، کە لەلایەکەوە ئەوانن کە زانکۆیان کردۆتە درێژکراوەی مەڵبەند و لقەکانی حیزب و گەندەڵییان بردۆتە نێو هۆڵەکانی وانەگووتنەوە، لەلایەکی دیکەوە هەموویان خۆیان لەو بەرپرسیارێتییە دەدزنەوە کە لە ئەستۆیاندایە؟
ئەم پرسیارەم وەک دوا پرسیاری گفتۆگۆکە هەڵبژارد، چونکە بە تێگەیشتنی من تێزی سەرەکی کتێبەکەت دۆزی زانکۆکانی کوردستان و چوونەوەی تۆیە بۆ کارکردن. بۆیە پێم باشە لەپاش وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، وەک کۆتایی و چڕکردنەوەیەکی بابەتەکانی گفتۆگۆکە بە دوا سەرنجی خۆت باباتەکە بەکۆتا بهێنیت. لەگەڵ سوپاسی زۆرم بۆ تۆ و بۆ ئەزیزانی ماڵپەڕی دەنگەکان.

هەدرێن: ڕاستە من لەو سەفەرەم بۆ کوردستان، هەوڵمدا ئەگەر بگونجێ لە زانکۆیەک وانە بڵێمەوە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بابەتە ڕوونتر بێ. دەبێ بە کورتی پشتینەی مەبەستی ئەو خەونەی کە تۆ ئاماژەت پێکرد، بگێڕمەوە. دوای ئەنفالکردنی کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعسی فاشی ڕوخێنراو، کە ئیتر هێزی پێشمەرگە ڕووە و ئێران و تورکیا بارگەی پێچایەوە، منیش لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە بە سەفەرێکی شەوڕۆیی لە ئاسایی بەدەر، کە مەگەر هەر لە فیلمی هۆلیوود شتی وا هەبێ، لە لەناو گەرمەی دوا هێرشەکانی ئەنفالەوە، لە نزیک شەقڵاوەوە بۆ دەڤەری باهدینان و لەوێشەوە بۆ تورکیا سەرمان هەڵگرت. دوای ئەوەی لە تورکیاوە توورهەڵدراینە ئێران، لەوێشەوە لەسەر سنووری ئێران و سۆڤیەتی کۆن شەوێک بە پیادە بەرەو خاکی تورکمانستان پەڕینەوە. دواجاریش لە فرۆکەخانەی مۆسکۆوە، کە بێئەوەی بزانم بۆ کوێ هەڵدەفڕم، گەیشتمە سوێد. لێرەدا نیازم نییە تەواوی ئەو سەرگوزەشتەیە بگێڕمەوە، کە پڕە لە پەژارەیی، بەڵکو مەبەستمە بڵێم، کە لە هەولێرەوە جانتام هەڵنەگرتووە بۆ سوێد تاکوو زانکۆ بخوێنم و بگەڕێمەوە، بەڵکو خەونی گەڕانەوەی من لەو پشتینەوە سەرچاوەی هەڵگرتبوو. بۆیە کە گەیشتمە سوێد خەونم ئەوە بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان بە زەخیرەیەکی

ماریفییەوە، کە بۆ خۆم بە گرنگی دەزانم، بگەڕێمەوە کوردستان.  ئیتر دوای 8 ساڵ پێشمەرگایەتی و دوو ساڵ ژیان لە ئێران و رووسیا و 14 ساڵیش کە لە سوێد بە خوێندن بەسەرم برد، دواجار بە خۆم و خەونەوە  گەڕامەوە کوردستان. هاوکاتیش دەبێ ئەوەش بڵێم، کە هەر تەنیا من تووشی ئەو گرفتانە نەبوومە، بەڵکو دەیان کوردی دیکە ئەو ژیانەی منیان بینیووە و دواجاریش کە بە خەونی خزمەتکردنی زێدەکەیان گەڕاونەتەوە کوردستان و لەوێش  بە دەست ئەو حیزبانەوە تووشی دەردەسەری لەو جۆرەی من بوونە و دەبن. هەروا مانای ئەوەش نییە، کە من بە "**شۆڕش**"ێکی تایبەت گەڕاوەمەتەوە بۆ کوردستان، ئیتر ئەگەر لە زانکۆ ئیشم کردبا، دار و بەردم دەگۆڕێ و زانکۆم ئاوەدان دەکردەوە.

وەلێ سەبارەت  بەو "فیلمە کۆمیدی/تراژیدییەی کە لە کۆلیژی سۆران و لەگەڵ دختۆر ئەلوەند دزەیی تووشی بووم، کە تۆش دەزانی، من لە کتێبی "گوڵنارەکانی شوێنپێ..." و دواجاریش لە وتارێکی تایبەتیشدا بە تێری باسمکردووە، کە لە 2006.7.25دا لە رۆژنامەی "میدیا"دا، بڵاوکراوەتەوە(6). بۆیە لێرەدا ناخوازم دووپاتەی بکەمەوە. لە راستیدا من لە "گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاروگەدا" وێرا نەگەیشتم سەرگوزەشتەی "زانکۆی کۆیە"ش بگێڕمەوە، کە بە شێوەیەکی تر، دووبارە بوونەوەی هەمان سەرگوزشتەی کۆلیژی سۆران بوو.

ئەوەی کە دەمەوێ لێرە بیخەمە سەر حیکایەتەکەی زانکۆ ئەوەیە کە، با ئێمە واز لە خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگای کوردستان بێنین کە زەندەقیان لە بچووکترین "جیاوازی" و بگرە رەفتارێکی ناباویش دەچێ، کەچی کاتێک راگری کۆلیژێکی نوێ، کە گوایە بەرهەمی ئەو حوکومەتە "تاقانە مەدەنی"یەی حیزبی کوردییە، لە دیدارێکدا کە من چوومە لە کاتێکی خێرادا بۆ ئەگەری ئیشکردن لەو کۆلیژە قسانی دەگەڵ بکەم، بەڵام چۆنیەتی پۆشینی جل و بەرگی منی بۆ گرفت بێ. لێرەوە تێدەگەین، کە لە کوردستاندا هەر ئەلوەند دزەیی نییە، کە بۆی عەنتیکەیە تۆ ژیانێکی تایبەتی خۆت، ستایل و تامی جلپۆشینی خۆتت هەبێ، بەڵکو بەرتەکی ئەلوەند بەرانبەر ستایلی **جلپۆشین و سادەیی ئاکاری من**، دەربڕین و رەنگدانەوەی کۆی ئەو جیهانبینییە دژە جیاوازییەیە کە لە کوردستاندا باڵادەستە. تۆ لە کوردستاندا، وێڕای ئەو هەموو قسە فریدانە بۆ "مەدەنیەت"، بۆت نییە کەیفت بە چی خۆشدەبێ ئەوە بپۆشی و چۆن ئاسوودەی ئەوها بدوێی و روبنیشی... هتد. لە کوردستاندا مرۆڤ کە مامۆستا یان مەنسوول بێ، بە پۆشینی کراسێکی سپی، شۆڕ کردنەوەی بۆینباخێک، تۆ واتەنی، "زمانە گایی"، سەگە ترومبێلێک و مۆبایل تەلەفۆنێک، دەبێ بە پیاوێکی ماقووڵ و لێزان. ئەو ئەلوەندە بەرێزەمان وایدەزانێ من هاتوومە ببمە ئەفسەر و جەنەراڵ لە سەربازگەکەی! ئەم تێڕاوانینەشی لەوەدا دەبینرێتەوە، کە دەیگوت: "ئەمن مامۆستایەکم دەوێتن کە تەلەبە وەک باوکێک رێزی بگرێ...". ئەو پێی وایە یەک شێوە هەیە بۆ ئەوەی کە "تەلەبە"، وەک سەرباز، یان زیندانی، رێز لە مامۆستایەک بگرێ، ئەویش: **چاکەت و پانتۆڵێک و** ، تۆش گوتەنی شۆڕکردنەوەی بۆینباخێکی "زمانە گایی" بە مل و بەرۆکت. توخوا ئەو ئەقڵە جێگەی گریانە یان پێکەنین؟ ئەنگۆ پێم بێژن، ئەو چەشنە راگرەی کۆلیژ، کە ئەمرۆ وەک ئامر مەفرەزی پۆلیس، زانکۆیەکان بەڕێوە دەبەن، دەتوانن زانکۆ بکەنە سەرچاوەیەک بۆ زانست و زانین، یان مێگەلاندن؟! بە دوا چوونی ئەو بابەتانە لە توانای هەنووکەی من بەدەرە.

بەڵام سەبارەت بە رەوشی زانکۆ، کە تۆش لە هەوڵی ئەوە دابووی پێناسەیەکی بۆ بکەی، دیارە هەمووومان، بگرە بە خودی حیزبی کوردی فەرمانڕەوا و زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆکانیشەوە، دەزانین، هەرچەندە ئەوان خۆیان لە ئێمە باشتر باسی ئەوە دەکەن، کە دەبێ زانکۆ دامەزراوێکی

---

[6] براوانە لاپەڕە 14ی هەفتەنامەی میدیا لە:
/http://www.yndk.com

مەدەنی گەشاوە بێ و لە دەستێوەردانی حیزبیش بە دوور بێ. بۆیە ئەگەر بڵێین زانکۆ بنەڕەترین دامەزراوی کۆمەڵگایەکی مەدەنییە و نابێ بە مجۆرەی کە لە کوردستان دەیبینین بکرێتە بارەگای حیزبەکان، شتێکی نوێمان نەوتووە. لەوەش زیاتر، هەموو باسی ئەوە دەکەن، کە زانکۆی کوردستان دەزگایەکی هەرە گرنگی پەوەردە و سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریی و رۆشنبیرییە، بۆیە دەبێ دەرگای ئاوەڵا بێ بۆ هەموو توانایە تازەکان. بەڵام ئەو قسە و دروشمانەش، وەک هەر دروشم و زۆربڵێیەکانی تری ئەو حیزب و مامۆستایە گەندەڵانە، وەک چارەکردنی کێشەی گەندەڵێ و نادادپەوەریی، چارەنووسی کەرکوک، دەستپێوەگرتنی ئەنفال و ... هتد، لە بانگەشەگەلێکی چاوەشەکار بترازێ، هیچی تر نین. راستە لەوێ و لێرە مامۆستا داوەتدەکرێ و کاری رووکەشی تر ئەنجامدەدرێ لە ئاستی جۆر بە جۆری زانکۆیەکاندا، راستە هەندێک لە کارمەند و مامۆستا لە خەمی چێتر کردنی زانکۆی کوردین، بەڵام زێدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین، کە زانکۆیەکانی کوردستان لە ئاستی میتۆد، شێوازی خوێندن، شێوازی کار پێدانی مامۆستا بۆ زانکۆ و قەبووڵکردنی خوێندکار لە بەشەکان و پلەی دکتۆرا و ... هتد، بەشێکی کەم نەبێ، ئەگینا هەمووی لە لایەن کادیرانی سەرەوەی ئەو دوو حیزبەوە بەڕێوە دەچن. هەروا بەشی زۆرینەی ئەو وەفد و میواندرایانەی کە بەناوی ئاوەدانکردەوەی زانکۆیەکان کە لە کوردستانەوە بۆ ئەوروپا و بە پێچەوانەشەوە دێن و دەچن و لە مێدیای ئەو دوو حیزبەش دەڕازێنرێنەوە، بەشی زۆریان، جۆرێکن **لە چالاکی گەشت و گوزار، بازرگانی و بۆیاخکاری**. کێشەی بنەڕەتی زانکۆیەکانی کوردستان هەر بە چوونە دەرەوەی چەند مانگێکی خوێندکار و مامۆستایان و ئەو **هێنان و بردنە**، چارەسەر نابن. ئەو هەوڵە سافیلکەیانەی کە بۆ کۆپیکردن و گواستنەوەی جۆرە میتود و شێوازێک لە زانکۆیەکانی رۆژئاواش لە ئارادایە، ئەوەش جۆرێکە لە وابەستە بوونی ئەو مۆدەی وابەستە بوونەی کە، بە تایبەتی، دوای ئامادەیی دەسەڵاتی ئەمریکاو ئینگلیستان لە کوردستاندا، بەرانبەر رۆژئاوا، زۆر بێتام بووە. زانکۆی کوردی، وێرای پێویستی سوود وەرگرتن لە شێوازی تەکنیکی و میتۆدی زانکۆی رۆژئاوا، دەبێ بە پێی ئەو خواست و پێویستیانەی کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستانەوە، بیر لە دارشتنی میتۆد و نێوەڕۆکی سیستەمی پەروەردە بکاتەوە. سیستەمی پەروەردەی زانکۆیەکانی کوردستان، بە گوێرەی رۆژگار و ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان، لە هەر قۆناغێکدا، جۆرە روانگەیەکی نوێ دەکەنە بنەمای سیستەمی پەروەردەیان. دەبا ئەوەش بێڵم، کە من لە خت و خۆڕایی ئەو سەرنجانە نمایش ناکەم، بەڵکو من ساڵێک زیاتر، لە زانکۆی سوێد، بەشی تیوری و پراکتیکی پەروەردەم خوێندووە. لێرە خوێندکار سەرەتا بە دەستپێکردنی سەرتاپای مێژوو و تیۆرییەکانی پەروەردە لە ئەوروپا و ئەمریکادا دەست بە خوێندنێ دەکا، ئەوجا دێتە سەر تیۆر و روانگەکانی سیستەمی پەروەردە لە سوێد. من لە نووسینێکمدا، وەک ئەرکێکی زانکۆ، بە هۆی ئەوەی کە سوێد بانگەشەی کۆمەڵگای فرە کولتووری دەکا، رەخنەم لە سیستەمی پەروەردەیان گرتووە، کە وێرای باڵادەستی سیاسەتی سۆسیال دیمۆکراتی لە سوێد، کەچی تا ئێستاش، ئیدیۆلۆگی و سوێدگەرایی بەسەر سیستەمی پەروەردەیان زاڵە. هەروا خوانەکا مەبەستم خۆهەڵدانەوە بێ، مامۆستا و خوێندکارەکان ئەو روانگەی منیان زۆر پێ خۆشبوو، لۆیێ کەمێکیان پێهەڵدام. جێگەی سەرنجە، کە هەرچەندە من بێگانەم لە سوێد، بەڵام بێننە بەرچاوتان ئەگەر من وەک خوێندکارێک باسێکی وام لەسە زانکۆی کوردستان پێشکەش کردبا، ئاخۆ ئەو مامۆستا و کادیرە حیزبیانە، ئەوها رێزیان دەگرت لە سەرنج و رەخنەکانم؟! ئەمەش رەنگە وابزانم لەو ئاستەی خوێندندا، کەسێک پێش من سەرنجێکی لەم جۆرەی منی لەسەر سیستەمی پەروەردەی سوێدە نەدابوو. هەرێ، مەبەستم لە گێرانەوەی ئەو پێشهاتە، ئەوە بوو بڵێم، کە کۆمەڵگا و نەتەوەیەکی وەک کورد کە تازە خەریکە بە زمانی خۆی دەخوێنێ، نابێ وا زوو لاسایی ئەم و ئەو وڵاتانە بکاتەوە.

به دیویکی دیکەشەوە، ئەمڕۆ قووتکردنەوەی ئەو هەموو بەناو زانکۆ و کۆلیژە، نەک هەر لە پێناوی تۆکمەکردنی ئاستی زانین و فراژانی دۆخی شیاوی سیستەمی پەروەردەی زانکۆیەکان نین، بەڵکو ئەو مۆدەیە بەردەوامییەکە لەو دیاردە **بازاڕ ئاسایەی**، کە بەناوی ڕیکخراوی لاوان، ژنان، گۆڤار و وەشاندنەکان و پاشاگەردانی وەرگێڕان ... هتد، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا، وەک یارییەکی **گەندەڵی**، لە ئارادایە. هاوکاتیش، وەک چۆن لەگەڵ بە هەرمێن بوونی ئەو ڕێکخراوە بەناو "مەدەنی"یانەش، ڕەوشی گەنج، ژن، ڕۆشنبیریی... هتد، بەرەو زیاتر سەرلێشێوان و نابوودی دەچن، بە هەمان شێوەش لەگەڵ زیاد کردنی ئەو زانکۆیانەش ئاستی خوێندکار و نێوەرۆکی سیستەمی پەروەردە لە زانکۆیەکاندا، نزمتر و ئاڵۆزتر دەبن. کەواتە، ئەگەر بە زمانی فۆکۆ لە "پەیوەندیی دەسەڵات و ماریفە"یەکی پۆزەتیف/کارا بڕوانین، ئەوکات دەبینین زانکۆیەکانی کوردستان، وەک سەرچاوەی ڕەهەندێک لەو "پەویوەندی دەسەڵات و ماریفە"یە، هێشتا، **نەک هەر زۆریان ماوە ئەو "دەسەڵاتە ماریفی"یە کارایە. بەرهەمبێنن، بەڵکو فڕیشیان بەو تێگەیشتنە لە زانکۆ نییە. چونکە ئەوان هەتا هەنووکەش، ماریفە بە هەڵڕشتنی قسە بۆ خوێندکاران و مامۆستای ماریفەداریش بە سێبەرێکی حیزب و لە ملکردنی بۆینباخ و مرۆمۆچی دەپێون.** دواجاریش، ئەگەر زانکۆیەکانی کوردستان **بە مێشکی حیزب بهزرن**، ئیتر زمانی کوردی نابێتە **خاوەنی** ئەو دەسەڵاتە ماریفییە کارایەی، کە هەموو ڕۆژێ لە جەم سیاستکار و نووسەرانی بانگەشەی بۆ دەکرێ.

لەم کۆنتێکست/ناوکۆییەوە، ئەوەی پێی وایە کە زانکۆیەکانی کوردستان تا ئێستاش بارەگای حیزبەکان نین، چاوەشەکارە. هاوکاتیش ئەوەی پێی وابێ کە میتۆد و ئاستی خوێندنی زانکۆیەکانی کوردستان لە جاران باشترە، بێگومان دەبێ کادیرێکی حیزبی بێ، یانیش بە تەمای پلەی کادیریی بێ. دیارە ئەوانەی کە لە دوای ڕاپەڕینەوە لە زانکۆیەکانی کوردستاندا ناوی دکتۆریان لە خۆیان ناوە، بۆ ئەوەی پلە هەستدارە سەرەکییەکانی زانکۆ داگیر بکەن، بەشی هەرە زۆریان کادیر و مەنسوولی ئەو دوو حیزبەن. هەموو ئەوانەش کە لە دەرەوە بۆ وانە وتنەوە لە زانکۆیەکان گەڕاونەتەوە، بە واسیتەی مەنسوولە گەورەکانی ئەو دوو حیزبەوە بووە، لەبۆیە هەموویان، ئەگەرچی جار و بار بەناوی هەڵوێست وەرگرتن لە گەندەڵی ناو زانکۆیەکان ڕەخنە دەگرن، بەڵام باش دەزانین کە خۆشیان چۆن لە کاتی پێویستدا ئەو حیزبە و مەنسوولانە پەسندەدەن کە ڕێگەیان بۆ هاتنەوەیان خۆشکردووە و لە ژێر دەسەڵاتیان کاردەکەن. بەمجۆرە زانکۆیەکانی کوردستان، وەک بەهادارترین و سەرەکیترین سەرچاوەی زانستی و ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی، شێواوترین و ریسواکراوترین ئۆرگانی کۆمەڵگای کوردین. لێرەدا پێویست بەوە ناکا باسی گرنگی نوێکردنەوەی ڕوح و جەستەی زانکۆیەکانی کوردستان بکەین، چونکە ئەمڕۆ کەسێکی نەخوێندەواریش لەوە بە ئاگایە کە ئاستیان چۆنە و چۆنیش بە دەست کادیری گەندەڵ و نەزانی ئەو دوو حیزبەوە وێران بوونە.

دەبا بپرسین: لەو ماوەیەی کە کورد خۆی زانکۆیەکانی بەڕێوە دەبا، بۆ نموونە، لە بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، چەند لێکۆڵینەوە و تێز لەسەر شوێنپێی سیاسەتی"ئەنفال" لەسەر باری کۆمەڵایەتی، دەروونی، هزرینی کورد... هتد، لە ئاستی ماجستەر و دکتۆرادا، پێشکەش کردووە؟

کەواتە، گەلۆ ئەو ڕاستیانەی کە بە پەلە نمایشمان کردن، هەڵبەستراو، یان دژایەتیکردنی ئەزموونی "ساوا"ی کوردستانی باشوورە، کە مەنسوولانی حیزب، وەک "حیکایەتی مێشێ"، کاتێک خەڵکان ڕەخنان دەگرن، بەو قسانە دەمبەستیان دەکەن؟!

ئەو مامۆستا، ڕاگر و جێگرانەی زانکۆیەکانی ئەمڕۆی کوردستان، هەڵبەتە زۆرینەیان، نەک هەر دەرچووی میتۆد و زانیاری کۆن و لە کار کەوتوون، بەڵکو بە هۆی پلە و پایەی حیزبیان و سەرقاڵبوون بە ڕابووردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکانەوە، هەرنا هەوڵنادەن کتێبێکی نوێش لەو بوارەی کە بەرپرسیاری ویژدانیان هەیە لە زانکۆ، بخوێننەوە. لەوەش بگوزەرێن، ئەو ڕاگر و

بەڕێوەبەرانەی زانکۆیەکان، لە شێواز و ئاستی مامەڵەکردنیاندا هەردەڵێی جەنەراڵ و پۆلیسی بەندیخانەی پیاوکوژەکانن. زۆرینەیان کە قسەیان لەگەڵ دەکەی بە لووتەبەرزیەوە وەڵامێکی داخراوت دەدەنەوە. کە دەیانبینی زوو هەستدەکەی کە ریز و کارامەیی مامۆستایان لە کن نییە.
بەمجۆرە لە ئاکامی ئەو بە مەقەڕکردن و بە حیزبکردنەی زانکۆدا، خوێندکاری ئەمڕۆی کورد لە زۆرینەی بوار و بەشەکانی کە خوێندوویەتی، خاوەنی چەند توێژینەوەیەک نییە کە مایەی سوود وەرگرتن بێ. بۆیە بە براوی من، ئەوانەی کە پێیان وایە بە بردنەوەی چەند دکتۆر و مامۆستای جودا لە ئەوروپاوە بۆ زانکۆیەکانی کوردستان و کردنەوەی چەندان زانکۆ، ئاستی خوێند و کێشە قووڵەکانی زانکۆیەکانی کوردستان چارەسەر دەبن، دیارە یان بەشدارن لەو داڕزاندن و بە حیزبکردنەی زانکۆیەکان، یانیش تەنیا بەرژەوەندی خودی خۆیان بۆ گرنگە، بە دەر لەو سەرچاوانەش، دیارە ئەوانە لە بەهای زانکۆ نازانن. چونکە هەتا ئەو مێشکانەی حیزب ناندەری زانکۆ بن، هەتا زانکۆ بارەگای حیزبان بێ، هەتا کادیر بە واسیتەی حیزبەکەی لە خوێندنی پلەی دکتۆرا قەید بکرێ و دکتۆراش، بێ لێکۆڵینەوەیەکی شیاو، بدرێتە کادیری حیزب، هەتا ژیانی زانکۆ لە دەست حیزب رزگار نەکرێ و نەبێتە دامەزراوێکی بێلایەن و لەو هەموو کادیرە گەندەڵەی حیزبی پاکنەکرێتەوە و ... هتد، سیستەمی پەروەردەی ئێمە، بێجگە لە گۆڕانی لاوەکی و پچڕ پچڕ، گۆڕانێکی بنەڕەتیان بەسەر دانایێ.
وێڕای ئەمەش، ئەگەر پێمان وابێ زانکۆ بریتییە لە جیهانێک کە ماریفە و زانین بەرهەمدەهێنێ، کەچی ئێمە دەزانین  کە لە ئەوروپادا لە هەر بەشێک لە بەشەکانی زانکۆیەکانی ئەو وڵاتانەی کە لێی دەژین، رۆژانە دەیان کۆڕ و گفتوگۆیان تیادا دەکرێ، ئەی باشە مانگانە لە زانکۆیەکانی کوردستاندا، بە تایبەتی کە ئێستا کورد رووبەڕووی کۆمەڵێک قەیرانی وەک، دادگایکردنی سەددام و جەلادەکانی، کێشەی کەرکوک، هەڕەشەی تورکیا بۆ سەر پەکەکە و باشوور...هتد، چەند کۆڕ و گفتوگۆی هەمەجۆر پێشکەش دەکردرێ؟ گەلۆ ئەمساڵ ئەو بابەت و تێزە گرنگ و نوێیانە چین کە زانکۆیەکانی کوردستان بەرهەمیان هێناوە؟ دواجاریش نابێ دڵسۆزی ئەو مامۆستایە کەمانەی، بۆ نموونە ماندوونەناسێکی وەک، عەزیز گەردی و نموونەکانی دیکەی وەک وی، ناو زانکۆیەکانی کوردستان فەرامۆش بکەین، کە بێگومان لە ئاستی توانا و پایەی خۆیان ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن.

لە کۆتاییدا ئەوەی ماوەتەوە بڵێم، کە مەرج نییە ئەو زانیاریانەی کە لەو گفتوگۆیەدا لێی دواین، هەر هەمووی نەوترا و نوێ بن، بەلکو، لە روانگەیەکی ویژدانی و ئێتیکییەوە، لە کۆمەڵگایەکی هەمیشە فریودراوی وەک ئێمە کە گەندەڵی و خولیای تاڵانکردنی یادەوەریی  پێکهات و ئاوەزی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئاراستە دەکا، دەبێ بێوچان جەخت لەسەر ئەو قەیرانە کوشندانە بکەینەوە کە هۆکرد و سەرچاوەن لەو کۆخەونکوژەی کوردان. هەروا لە کن من، ئامادە بوونی ناوی ئەو نووسەر و خەڵکە بەرێزانەی تر، هەرگیز پەیوەندی نییە بە کێشەیەکی کەسایەتی من و ئەوانە و ژیانی تایبەتی خۆیان، بەڵکو من هەوڵمداوە لەم گفتوگۆیەدا، ئاوەڵا بدوێم و نرخی ئاوەڵایی و بەڵگەداری لە گفتوگۆیەکەماندا خەجتبکەمەوە. ئەگەریش کەسێک بە ناو هێنانی قەڵسە، دەبێ بمانبەخشێ.

هەر لێرەشەوە، پێم خۆشە ئەوە بە یاد خوێنەری ئەزیز بێنمەوە، کە خوازیارم تەنیا لە روانگەی کەسایەتی و ئیدیۆلۆگییەوە، دیمەن، بیرۆکە، ناوی کەسە بەرێزەکان... هتد، کە کتێبی "گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا" چنیونیەتەوە، نەخوێنێتەوە و هەڵنەسەنگێنێ، بەڵکو پێم خۆشە ئەو کتێبە، وەک باخچەگەلێک، نمایشێکی شەپۆلاوی لە ئاوێتەکردنیناڵە، تریقانەوە، زایەڵەی گوڵنەرەکانی شوێنپێی یادەوەریی و زمانی شوێنەکان، بخوێنێتەوە. شیعرەکانیش بە نۆرەی خۆیان، زرینگانەوەیەکن لە شەپۆڵدانی نێوان شوێنکاتی رابردوو و ئێستا، چڕکردنەوە، یان حەسانەوەی نیگایەکانی تاراوگەن

له گەشتە ویڵەکانیاندا. بۆیە لە کن من، لە پێناوی ژیان وەبەردانەوەی یادەوەریی، ئەوەندەی خەمی نمایشکردنەوەی رازانکاریانەی گوڵنارەکانی شوێنپێیەکان گرنگن، هێندە خودی کەس و بابەتەکان... هتد، گرنگ نین. دەبا ئەوەش بڵێم، دەکرێ ئەو کتێبە وەک رەشنووسی تەرزە رۆمانێکی ئاوێتە لە بەڵگە و خەیاڵاندن، لە گێڕانەوە و شیعریەت... بخوێنەرێتەوە.

لە کۆتایشدا سوو‌پاس و ماندوو نەبوون لە  تۆ و ئەو میوانداریییەی ماڵی دەنگەکان دەکەم.

تێبینی
هەر رۆژنامە یان گۆڤارێک دەخوازێت ئەم بابەتە دووبارە بڵاوبکاتەوە، دەتوانێت بۆ وەرگرتنی مافی کۆپیکردن پەیوەندی بکات بە:

ماڵپەری دەنگەکان لە:

dangakan@yahoo.ca
goran@dengekan.com

یان بەختیار کەریم لە:

bakhtyarkarim@hotmail.com